بسم الله الرحمن الرحيم

# الأربعون النووية

## شاکاری ئەوەوی لە چل فەرموودەدا

دەق. واتا. تەخریج و فەرهەنگۆکی غەریبولحەدیس

دەزگای چاپ و پەخشی
نارین

# بەرەو نەوەیەکی هۆشیارتر

نـــــاوی کتـێب: **(الْأَرْبَعُونَ النَّوَوِيَّة) شاکاری نەوەوی لە"چل" فەرموودەدا.**

نـــــــووسینی: **ئیمامی نەوەوی.**

وەرگێــڕانـــــی: **محمد ماحی.**

نۆرەو ساڵی چاپ: **دووەم، (1447ك- 2026ز).**

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (422)ی ساڵی (2019)ـی پێدراوە.

دەزگای چاپ و پەخشی
**نارین**

دەزگای چاپ و پەخشی نارین

+964 (0) 770 406 10 10 | 0750 406 46 10 Nareenpub@gmail.com

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان: هەولێر - فلکەی شێخ مەحموود - بازاڕی زانست

©
مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی نارین پارێزراوە.

# الأربعون النووية

## شاکاری نەوەوی لە چل فەرموودەدا

دەق. واتا. تەخریج و فەرهەنگۆکی غەریبولحەدیس


دانانی ئیمامی نەوەوی

وەرگێڕانی محمد ماحی



دەزگای چاپ و پەخشی

نارین

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ، أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ____ ٥
پوختەیەك لە ژیانی ئیمامی نەوەوی ____ ٧
پێشەکیی ئیمامی نەوەوی ____ ١٤
پێشەکیی وەرگێڕ ____ ٢٢
فەرموودەی یەکەم: خواویســتی ____ ٢٤
فەرموودەی دووەم: ئیسلام و باوەڕ و چاکەکاری ____ ٢٦
فەرموودەی سێیەم: کۆشکی ئیسلام لەسەر پێنج کۆڵەگەیە ____ ٣٠
فەرموودەی چوارەم: لە تنۆکێك ئاوەوە بەرەو ڕێزلێنانی خوای پەروەردگار ____ ٣١
فەرموودەی پێنجەم: دژواریی داهێنراو لە دیندا ____ ٣٣
فەرموودەی شەشەم: سنووری نێوان حەرام و حەڵال ئاشکرایە ____ ٣٤
فەرموودەی حەوتەم: ئایین ئامۆژگاریی و خواویستییە ____ ٣٦
فەرموودەی هەشتەم: تێکۆشان لە پێناو باوەڕ ____ ٣٧
فەرموودەی نۆیەم: گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ____ ٣٨
فەرموودەی دەیەم: خوای گەورە پاکە و تەنها پاکی دەوێت ____ ٣٩
فەرموودەی یازدەیەم: لە گومانەوە بۆ دڵنیایی ____ ٤١
فەرموودەی دووازدەیەم: خۆت لەشتی تایبەتی هەڵمەقورتێنە ____ ٤٢
فەرموودەی سێزدەیەم: ئاستێکی باڵای برایەتی ____ ٤٣
فەرموودەی چواردەیەم: پارێزبەندیی گیان لە ئیسلامدا ____ ٤٤
فەرموودەی پازدەیەم: باوەڕداری وابەستەی ڕەوشتبەرزییە! ____ ٤٥
فەرموودەی شازدەیەم: هەڵمەچۆ، توڕە مەبە! ____ ٤٦
فەرموودەی حەڤدەیەم: چاکەکاری لە هەموو شتێکدا ____ ٤٧
فەرموودەی هەژدەیەم: پارێزگاری لە سنورەکانی خوا بکە ____ ٤٨
فەرموودەی نۆزدەهەم: دینی خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێت! ____ ٤٩
فەرموودەی بیستەم: مادام شەرم ناکەیت چی دەکەیت بیکە ____ ٥١
فەرمووده بیست و یەکەم: باوەڕی دامەزراوو دینداریی بەردەوام ____ ٥٢
فەرموودەی بیست و دووەم: ئاسانیی شەریعەت و مسۆگەرکردنی بەهەشت ____ ٥٣
فەرموودەی بیست و سێیەم: قورئان، بەڵگەیەکە بۆت یان بەڵگەیەکە لەسەرت. _ ٥٤
فەرموودەی بیست چوارەم: دەسەڵاتی ڕەهای پەروەردگارو بەندەی هەژار ____ ٥٦

فەرموودەی بیست و پێنجەم: سامانی هەژارو سەدەقەی بێ درهەم و دینار ____ ٥٩
فەرموودەی بیست و شەشەم: ئازارلادان لەسەر ڕێ ____ ٦١
فەرموودەکانی بیست و حەوتەم: فەتوای ویژدان! ____ ٦٣
فەرموودەی بیست و هەشتەم: وەسیەتتان دەکەم بە پارێزکاری ____ ٦٥
فەرموودەی بیست و نۆیەم: زمانت بگرە ____ ٦٧
فەرموودەی سییەم: بە سنووری دینەکەوە پابەندبە، بەستە ____ ٧٠
فەرموودەی سی و یەکەم: چاوت لە ماڵی خەڵکی نەبێت ____ ٧٢
فەرموودەی سیی و دووەم: نە زیانت پێبگاو نە زیان بگەیەنە ____ ٧٤
فەرموودەی سی وسێیەم: بەڵگە لەسەر داواخوازە و سوێندیش لەسەر بەرامبەری ٧٥
فەرموودەی سی و چوارەم: دەست و زمان و دڵ؛ چەکی باوەڕدارن دژ بە خراپە ٧٦
فەرموودەی سی و پێنجەم: مافی برایەتی دینی ____ ٧٧
فەرموودەی سیی و شەشەم: دڵنەواییکردنی براکانت ____ ٧٩
فەرموودەی سیی و حەوتەم: هەر نیازی چاکەت هەبێت پاداشت وەردەگریت _ ٨١
فەرموودەی سی و هەشتەم: ڕێگەی گەیشتن بە خۆشەویستی ____ ٨٣
فەرموودەی سی و نۆیەم: فراوانیی ڕەحمەتی خوا ____ ٨٥
فەرموودەی چلەم: تۆ لێرە غەریبە و ڕێبواریت ____ ٨٦
فەرموودەی چل و یەکەم: حەزەکانت ئاڕاستە بکە ____ ٨٧
فەرموودەی کۆتایی: ئەگەر تۆ بێی، منیش بە لێخۆشبوونەوە بۆلات دێمەوە ____ ٨٩
دێڕەکانی کۆتایی بە قەڵەمی ئیمامی نەوەوی ____ ٩١
فەرهەنگی ئەربەعون ____ ٩٣
شَهَادَةُ حِفْظٍ وَإِجَازَة ____ ١٠٢
تێبینییەکان ____ ١٠٣

# پوختەیەك لە ژیانی ئیمامی نەوەوی

## پێشەنگی خواویستی و زانست و پێشڕەوی

## (٦٣١ک - ٦٧٦ ک)

سەرڕاست و خواناس، فەرموودەوان و شەرعناس، ڕوو لە خوا و پشت لە دونیا، ناوی تەواوی پێشەوا (يحيى بن شرف بن مُرِّيِّ بن حسن بن حسين بن محمد جمعة بن حِزام الحزامي الحوراني الدمشقي النووي الشافعي)یە، کونیەی (باوکی زەکەریا)[1] یە و نازناوی (محي الدين: زیندووکەرەوەی دین)ی لێنراوە، ساڵی (٦٣١ك) لە گوندی (نەوا) "کە لادێیەکە لە لادێیەکانی حوران، کە سەر بە دەرعای ئێستایە لە شام" لە دایك بووە، درەوشانەوەی (نەوا) لە ژیانی پێشەوا (نەوەوی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندەی کە تێیدا هەڵکەوتووە.

---

[1] هەرچەندە پێشەوای پایەبەرز بەهۆی سەرقاڵیی زۆری بە زانستەوە هاوسەرگیری نەکردووە، بەڵام کونیەی (ئەبو زەکەریا) بووە. خۆیشی لە ڕاڤەی فەرموودەی (**أَبَا عُمَيْرٍ مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ**) دافەرمویٚ: "**وفي هذا الحديث فوائد كثيرة جداً، منها: جواز تكنية من لم يولد له**" واتە: ئەم فەرموودەیە گەلێك سوودی گرنگ لەخۆ دەگرێت، یەکێك لە سوودەکانی بریتییە لە: ڕێپێدراوی کونیە دانان بۆ کەسێك کە منداڵیشی نەبێ. "شرح مسلم: (١٢٩/١٤). پێغەمبەری پێشەوایش صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم، کونیەی (دایکی عەبدوڵلا)ی بۆ دایکە عائیشەمان (رضي الله عنها) دانا، لەگەڵ ئەوەی منداڵیشی نەبوو.

### سەرەتایەکی جیاوازو ناوازە:

منـدالّیی نەوەوی جیـاواز بـووە لە هاوتەمەنەکـانی، بـاوکی دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی حەوت سـالّیدا، لە شـەوی ٢٧ی ڕەمەزان (شـەوی قەدر) لە نیوەشـەودا خەبەری بـووەتەوە و وتـویەتی: "بـاوکە، ئەمە چ ڕوونـاکییەکە ماڵەکەمـانی پـڕ کـردووە؟" بـاوکی لەکاتێکـدا هـیچ ڕووناکییـەکی نـەبینیوە، بـەڵام دەڵێـت: بـەوە زانیمان کە ئەمە شەوی قەدرە!

لە منداڵییەوە ژیریی پێوە دیار بوو، بۆ فێربوونی قورئان هەمیشە بێدار بوو، ئیمـامی زەهەبی لـە (تذكرة)ـەکەیدا دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی حەوت سـالّیدا، کاتێک منداڵانی گوندەکەی زۆریان لێکردووە یارییان لەگەڵدا بکات، ئەو گریاوە و خـۆی لێپاراسـتوون، لە جیـاتی ئەوە ڕووی کـردووەتە قورئـان خوێنـدن، ئەم ڕووداوە سەرنجی (شێخ یاسین یوسفی زەرکەشی) ڕادەکێشێت کاتێك دەیبینێت و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای قورئانەکەیەوە دەکات و پێی دەڵێت: "ئومێد دەکرێت ئەم منداڵە ببێتە زاناترین و زاهیدترینی سەردەمەکەی". ئەمەیش وای کرد باوکی زیاتر گرنگی بە پێگەیاندنی بدات تا قورئانی بەتەواوی لەبەرکرد.

**کاروانی زانستخوازی و ماندوونەناسی:**

لێهاتوویی و لێبڕاوی ئەو پێشەوایە لە ئاستێکی وا بەرزدایە کە لە مێژوودا دەگمەنە، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا (ساڵی ٦٤٩ی کۆچی) باوکی دەیباتە دیمەشق و لە قوتابخانەی (الرواحیة)دا دایدەنێت، ئەویش خولیای بۆ زانست هێندە بێسنور بوو، ڕۆژانە ئامادەی (دوازدە) وانەی جیاواز دەبوو، بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق تەنیشتی بە زەویدا نەکەوت بۆ خەوتن (پاڵی نەداوەتەوە)، بەڵکو هەر بە دانیشتنەوە لەسەر پەرتووکەکانی خەوی لێدەکەوت! بەمشێوەیە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە شارەزای هەرە گەورەی مەزهەبی شافیعی و زۆری نەخایاند بووە مەرجەعێکی باوەڕپێکراو بۆ زانایانی سەردەمەکەی خۆی و دواتریشی.

**لوتکەی پارێزکاری و زاهیدێتی:**

ژیانی ئیمامی نەوەوی تەنها نووسین نەبوو، بەڵکو بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی زانستەکەی بوو، ئەو نموونەی باڵای پەروەردەی ئیمانی بوو، هەمیشە بەڕۆژوو بوو، لە شەو و ڕۆژێکدا تەنها یەک ژەمی دەخوارد و لە پارشێویشدا تەنها قومێک ئاوی دەخواردەوە، جلوبەرگێکی زۆر سادەی دەپۆشی...

پاش ئەوەی بوو بە بەرپرسی خانەی فەرموودەوانی (دار الحديث الأشرفية)، ئامادەنەبوو دینارێک لە مووچەکەی یان دیاریی هیچ کەسێک وەربگرێت، خواردنی تەنها ئەو هەنجیرە وشککراوە و کولێرانە بوو کە باوکی لە گوندی نەواوە بۆی دەنارد، تەنانەت ئامادە نەبوو میوەی دیمەشق بخوات لە ترسی ئەوەی نەکا سەرچاوەکەی گومانلێکراو بێت، ئەم پاکییەی وایلێکردبوو کە دوعای گیرابێت و خاوەن شکۆیەکی ڕۆحیی گەورە بێت.

**بوێری و وەستانەوە بەرامبەرستەمکاران:**

ئەم زانا خواناسە، لەپاڵ ئەو هەموو سادەیی و نەرمونیانییەیدا، بەرامبەر ستەمکاران وەک شاخ بەهێز بوو، کاتێک سوڵتان (زاهیر بێبرس) فەتوای لە زانایان ویست بۆ سەپاندنی باجی قورس بەسەر خەڵکدا، تەنها ئیمامی نەوەوی ڕەتی کردەوە واژۆی بکات، کاتێک سوڵتان لێی تووڕە بوو و وتی: "**لە دیمەشق دەرت دەکەم!**" ئیمامی نەوەوی بەوپەڕی هێمنی و باوەڕبەخۆبوونەوە فەرمووی: "**من گوێ بەوە نادەم**". ئەم بوێرییەی وای لە سوڵتان کرد کە پێی سەرسام بێت و لە ناخەوە لێی بترسێت وەك خۆی گوتوویەتی: "**من لە هیچ کەسێک ناترسم تەنها لەم نەوەوییە نەبێت**".

ئەمڕۆ مینبەرەکان و کۆمەڵگەکەمان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە زیندووکردنەوەی ئەم (مەردایەتی) و شوجاعەتەیە لەناو ئەو زانایانەی خۆیان بە پێشەنگی ئوممەت و شوێنکەوتەی شافیعی و نەوەوی دەزانن، وەکو نەوەوی بن کە لەپێناو حەقدا لە لۆمەی هیچ کەسێک نەدەترسا، بەردەوام فەرمانی بە چاکە دەکرد و ڕێگری لە خراپە دەکرد.

### بەرهەمە پڕبەرەکەتەکانی و نهێنیی قبوڵبوون

بەراورد بەڕێژەی ساڵەکانی تەمەنی، کە تەنها ٤٥ ساڵ ژیاوە، بەرهەمەکانی مایەی سەرسوڕمانن، زانایان دەڵێن نهێنیی مانەوە و بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی ئیمامی نەوەوی لە هەموو ماڵێکی موسڵماناندا، دەگەڕێتەوە بۆ خواویستی (ئیخلاس)ە ڕاستەقینەکەی لەگەڵ پەروەردگاریدا، لە دیارترین شاکارەکانی:

١. **المنهاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج** (بە بەناوبانگترین ڕاڤەی موسلیم دادەنرێت - ١٨ بەرگە).

٢. **المجموع شرح المهذب** (شاکارێکی گەورەی شەرعناسی و فیقهی بەراوردکارییە، هەرچەندە مەرگ مەودای نەدا تەواوی بکات - ٢٣ بەرگە).

٣. **رياض الصالحين من كلام سيد المرسلين** (كە سەرانسەری ئوممەت لە مزگەوت وماڵەکاندا لێی بەهرەمەندە).

٤. **روضة الطالبين وعمدة المفتين** (کۆڵەکەی متمانەپێکراوی شەرعناسیی شافیعییە).

٥. **الأربعون النووية** (بناغەی ئایین و لەسەرانسەری جیهاندا دەخوێندرێن).

٦. **الأذكار المنتخب من كلام سيد الأبرار** (قەڵغانی باوەڕدار بۆ یادی پەروەردگار).

٧. **بستان العارفين** (لە پەروەردەی ئیمانی و تەزکییەدا).

ئەمانە و چەندان بەرهەمی بەپێزی تر، کە لە چاپەکانی ئەمڕۆدا کۆی هەموویان دەگاتە زیاتر لە (٧٠) بەرگ و سەرووی (٣٠) هەزار لاپەڕە.

**کۆتایی تەمەن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار:**

لەدوای گەشتێك بەناو خاکی دارولئیسلامی ئەوکاتدا لە دیمەشقەوە بۆ قودسی پیرۆز و لەوێشەوە بۆ میسر، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ (نەوا)ی ئاواییەکەی خۆی، پاش گەڕانەوەی نەخۆش دەکەوێت، کەمێک پێش نەخۆشکەوتنی و هەستکردن بە نزیکبوونەوەی مەرگ، کارێکی زۆر دەگمەنی ئەنجام دا؛ سەردانی

گۆڕی مامۆستاكانی كرد و گریا، ماڵئاوایی لە هاوڕێكانی كرد، وە گرنگتر لەوەش: هەمـوو ئەو پەرتوكـانەی كە بە خواسـتن (ئیعـارە) لای بـوون، گەڕانـدنیەوە بـۆ خاوەنەكانیان.

لـە شـەوی چوارشـەممە، مێـژووی (٢٤ی ڕەجـەبی ٦٧٦ك) لـە تەمـەنی ٤٥ ساڵیدا، ئەم ڕۆحە پاكە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای بێهاوتا و كۆچی دوایی دەكات. ڕەحمەتی خوای بەخشندەی بەسەردا بڕژێت.

ئـەم باخـە پـڕ بەرهەمـە، كـە ئیمـامی بـەرز و بـەڕێز، لـەپاڵ ڕەنجـە زانستخوازییەكەیدا، لەگەڵ ئەم هەموو دانان و نووسینەدا، هاوكات لەگەڵ بارهێنـانی چەنـدان زانـا و پێشـەنگی ئوممـەت، پێمـان دەڵێـت: كـە بەڕاسـتی ژیـانی پێشەوا نەوەوی لە دوو خاڵدا پوخت دەبێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: "خواویستی" و "جیددیبوون". هەر بۆیەش خوای گەورە ﷻ قبوڵی بە زۆرێك لە بەرهەمەكانی بەخشیوە.

خـوای بەخشـندە ئـاوێزانی سـۆز و میهـری خـۆی بكـات، ئێمـەیش بكاتـە خوێندكارو خزمەتكاری ئەو ڕەوتە پڕ ڕەحمەت و بەرەكەتەی زانایانی ئوممەت. اللَّهُمَّ آمِين.

## پێشەکی ئیمامی نەوەوی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين قيوم السموات والأرضين، مدبر الخلائق أجمعين، باعث الرسل صلواته وسلامه عليهم إلى المكلفين، لهدايتهم وبيان شرائع الدين، بالدلائل القطعية وواضحات البراهين. أحمده على جميع نعمه، وأسأله المزيد من فضله وكرمه. وأشهد أن لا إله إلا الله الواحد القهار، الكريم الغفار، وأشهد أن سيدنا محمدا عبده ورسوله وحبيبه وخليله: أفضل المخلوقين المكرم بالقرآن، العزيز المعجزة المستمرة على تعاقب السنين وبالسنن المستنيرة للمسترشدين المخصوص بجوامع الكلم وسماحة الدين صلوات الله وسلامه عليه وعلى سائر النبيين والمرسلين وآل كل وسائر الصالحين.

سەناو ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕاگری زەمینو ئاسمانەکان، هەڵسوڕێنەری ژین و کاری سەرجەمی بوونەوەران، نێردەری پێغەمبەران، درودو سەلامی خۆی بڕژێتە سەریان، ناردوونیە لای مرۆڤە پێگەیشتووەکان، بۆ ڕێنمایی شەریعەت و ڕێکخستنی ژیان،

بەبەڵگەی یەکلاکەرەوەو نیشانە بەهێزەکان، تا بە ڕاستەڕێ سەرفرازبن و بچنە ڕیزی بەختەوەران.

سوپاس بۆ خوا لەسەر هەموو بەخشینەکان، داواخوازی زیاترم لێی لەمیهری پڕ فەڕو بێ پایان، شاهێدی دەدەم بە دڵم و جەستەو زوبان، پەروەردگارو پەرستراوو حاکمی ڕەها نییە بۆ ژیان، نە لە زەمین و نە لە ئاسمان، جگە لە خوای تاك و پاك و میهرەبان، کردگاری دادگەری حوکمڕان، دانای لێبوردەی کارجوان. شاهێدیش دەدەم کە موحەممەد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) نێردراوی بیرمەندو، بەندەی جوامێری مەرد، خۆشەویستی دڵپەیوەندو بەرزترینە لە دروستکراوەکان، ڕێزلێگیراوە بەکەلامی پیرۆزی قورئان، موعجیزەی بەردەوامی گشت سات و سەردەمان، بە سوننەتی نووری ڕێی ئامۆژگاران، تایبەتمەندە بە (جوامع الكلم)؛ زۆری ماناو پوختەی قسان، خاوەنی دواهەمین ئایین و کتێبە ئاسمانییەکان، صەلات و سەلامی خوا بە لێزمەو بەگوڕتر لە باران، بڕژێتە سەر خۆی و تەواوی پێغەمبەران هەم بۆ خانەوادە و هاوەڵ و هەر هەموو چاکەکاران.

لە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عبداللە کوڕی مەسعود، موعازی کوڕی جەبەل، ئەبو دەرداء، ئیبنو عومەر، ئیبنو عەبباس، ئەنەسی کوڕی مالیك، ئەبو هورەیرە، هەروەها ئەبو سەعیدی خودری، (خوا لێیان رازی بێت) بە کۆمەڵێك ڕیوایاتی زۆرو جۆراوجۆر پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرموویەتی: (مَنْ حَفِظَ على أمَّتي أربعين حديثًا من أمْر دينِها بعثَه الله في زُمْرةِ الفُقهاءِ والعلماء) واتا: هەر کەسێ چل فەرموودە لە باسەکانی دینداریی بە ئوممەتەکەم بگەیەنێ خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لە ڕیزی زانایان و شەرعناساندا زیندوویدەکاتەوە. لە ڕیوایەتێکی تردا: (...بعثه الله فقيهًا عالمًا) واتا: خوای گەورە وەکو زانایەکی شەرعناس زیندوویدەکاتەوە.

لە ڕیوایەتی ئەبودەردائیشدا خوا لێی رازی بێت هاتووە (...وكنت له يوم القيامة شافعًا وشهيدًا) واتا: منیش (پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لە ڕۆژی قیامەتدا دەبمە تکاکارو شاهێدی. لە ڕیوایەتی ئیبنومەسعودیش خوا لێی ڕازی بێت هاتووە کە فەرموویەتی: (...قيل له: ادخل من أي أبوب الجنة شئت) واتا: (پێی دەگوترێ: بڕۆ بەهەشتەوە لە هەر دەرگایەکی کە خۆت پێت خۆشە) لە ڕیوایەتی

ئیبنوعومەریش خوا لێی ڕازی بێت هاتووە: (كتب في زمرة العلماء، وحشر في زمرة الشهداء) واتا (لە ڕیزی زانایان دادەنرێت، لە ڕیزی شەهیدان حەشردەكرێت).

بەڵام هەموو زانایانی فەرموودەناسی ڕاكۆكن لەسەر لاوازی ئەم فەرموودەیە هەرچەندە ڕێگاكانیشی زۆرن[1].

(١) ئەم فەرموودەیە هەرچەندە زنجیرەی سەنەدی ڕیوایەتەكانی زۆر زۆرن، بەڵام هەر زەعیفەو زۆریی ریوایەتەكانیشی بەهێزی ناكەنەوە. ئیمامی ئیبنوحەجەر لە كتێبی (التلخيص الحبير ٩٣/٣)دا دەفەرموێ: حەسەنی كوڕی سوفیان لە (مەسنەد)ەكەی خۆیدا لە ئیبنوعەبباسەوە هێناویتییەوە، پاشان لە سێزدە یاوەریترەوە. ئیبنولجەوزیش لە (العلل المتناهية)دا هەموو سەنەدەكانی هێناوەتەوەو توێژینەوەی بۆ هەموویان كردووەو گەیشتۆتە ئەوەی كە (زەعیفەو بەهێزناكرێت). پاشان ئیمامی ئیبنوحەجەر هەر لەوێدا دەفەرموێ: (پوختەی حوكمەكەم لە كۆڕی شازدەیەم لە (الاملاء)دا روونكردووەوەو وتم: كە هیچ یەكێك لە ریوایەتەكانی لە خەلەل بەدەرنین).. زۆر لە زانایان كە باس لە زەعیفی ڕیوایەتێك دەكەن، ڕیوایەتێكی سەحیح وەكو بەدیلی دەهێننەوە. بۆیە دەشێت لە جیاتی ئەو ڕیوایەتانە ئەم فەرموودە سەحیحە _كە بیست یاوەر گێڕاویانەتەوە_ ببێتە هاندەرمان بۆ خوێندن و وەرگرتن و گەیاندنەوەی فەرموودە، كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم دەفەرموێ: (نضَّرَ الله عبدًا سَمِع مقالتي فوعاها، فبَلَّغها مَن لَم يَسْمعها، فرُبَّ حامل فِقْه إلى مَن هو أفقه منه، ورُبَّ حامل فِقْه لا فِقْهَ له.) ئیبنوداود (٣٦٦٠)، ترمذی (٢٦٥٦)،

لەم بابەتەیشدا زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ئەوەندە نووسراویان هەیە، کە لە ژمارە نایەن. یەکەم کەس کە زانیبێتم لەم بابەتەوە نووسیبێتی عبداللە ی کوڕی موبارەك بووە، پاشان محمدی کوڕی ئەسلەمی توسی، کە زانایەکی خوایی بوو، ئینجا حەسەنی کوڕی سوفیانی نەسەوی و ئەبوبەکری ئەجەری، هەروەها ئەبوبەکر؛ محمدی کوڕی ئیبراهیمی ئەصفەهانی، دارەقوطنی، حاکم نەیسابوری، ئەبونوعەیمی ئەصفەهانی، ئەبوعبدالرحمنی سولەمی، و ئەبو سەعید مالینی، و ئەبو عوسمانی صابونی، و محمدی کوڕی عبداللەی ئەنصاری، و ئەبوبەکری بەیهەقی.. و خەڵکانێکی تر کە لە ژمارەنایەن، چ لەوانەی پێشین و چ لەوانەی پاشین. منیش ئەو زاناو پارێزەرو پاسەوانانەی ئیسلامم کردە سەرمەشق و ئیستخارەم بەخوای گەورە کرد لە کۆکردنەوەی ئەو چل فەرموودەیەدا،

---

ئیبنوماجە (٢٣٠)، ئەحمەد (٤١٥٧). واتە: خوای گەورە ڕوخساری ئەو کەسە گەشکات و نیعمەتی زیاتری پێببەخشێ کە قسەکەی منی گوێ لێدەبێ و بەو شێوەیەی گوێی لێبووە دەیگەیەنێتەوە، لەوانەیە ئەو کەسەی زانستێک بڵاودەکاتەوە بە کەسانێکی بگەیەنێ کە لە خۆی زیرەکترین و باشتر لێی تێبگەن. دەشێت کەسێک زانستێک نەقڵدەکات بەڵام خۆی زانا نەبێت..

هەرچەندە زانایانیش هاوڕان لەسەر ئەوەی کار بە فەرموودەی لاواز بکرێت، لە بواری هاندان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پشتم بەو فەرموودە لاوازانە نەبەستووە، بەڵکو لەسەر فەرموودەی راست و دروستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم کە فەرموویەتی: (**لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ منكمُ الغائِبَ**)[1] واتا: ئەوانەی ئامادەن و (زاناو شارەزان) بیگەیەنن بە ئەوانەتان کە ئامادەنین (پێیان نەگەیشتووە). هەروەها فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) : (**نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مَقَالَتِي فَوَعَاهَا، فَأَدَّاهَا كَمَا سَمِعَهَا**[2]) واتا: خوای گەورە ڕوخساری ئەو کەسە بگەشێنێتەوە کە گوێی لە قسەیەکی من دەبێت و لێیتێدەگات، چاك لە بەری دەکات، بە و شێوەیەی کە بیستوویەتی دەیگەیەنێتەوە.

---

(١) بوخاری (١٠٤)، موسلیم (١٣٥٤).

(٢) (أخرجه البزار (٨ / ٣٤٢ رقم : ٣٤١٦)، راستە: ترمذی (٢٦٥٨)، ئەحمەد (٢١٦٣٠) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح ابن ماجه/٢٣٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

لەمەوەیە کە هەندێ لە زانایان هاتوون و چل فەرموودەیان لە بچینەکانی دین و هەندێکیان لە لقەکانی دین و هەندێکیان لە باسی جیهاد، کۆکردۆتەوە، هەشیانە لەباسی زوهدو دونیانەویستی، یان لە ئاداب، یان لە وتارو ئامۆژگاریی.. هەمووشیان بە مەبەستی چاکسازی کردوویانە خوا لێیان ڕازی بێت. منیش پێم باش بوو کە چل فەرموودە کۆبکەمەوە کە لە هەموو ئەو بابەتانە گرنگتربێت، چل فەرموودەی گشتگیر کە هەموو ئەو بابەتانەی لەخۆگرتووە. هەر فەرموودەیەکیش ڕێسایەکی گەورەو گرنگی لە ڕێسا شەرعییەکان تێدایە، لەوانەی زانایانی ئیسلامی جەختیان لەسەر کردۆتەوە کە تەلاری ئیسلامیان لەسەرە. لەوانەی فەرموویانە: ئەم فەرموودە نیو یان سێیەکی ئیسلامە! یان شتی تری لەو جۆرەیان فەرمووە. پابەندیش بووم لەوەی هەموو فەرموودەکانی (ئەربەعون)ەکە صەحیح بن، زۆرینەشیان لە فەرموودە صەحیحەکانی بوخاری و موسلیمن، بە لابراوی سەنەدەکانیش هێناومەتەوە، تا ئاسان لەبەر بکرێن و هەموو خەڵکیش سوودی لێ وەربگرن إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە قیامەتخوازە، شارەزای ئەو فەرموودانە ببێت، لەبەر ئەوەی باسە گرنگەکانی لە خۆگرتووە، کە پێداگری و ئاگاداری و ئامۆژگاریی لەسەر تەواوی بەندایەتییەکان دەدەن. ئەمەش ئاشکرایە بۆ هەرکەسێك کە سەرەنجیان لێ بدات.

پشتم تەنها بە خوای گەورە بەستووە، هەموو داواو کارو فەرمانێکم بۆ ئەو بەرزدەکەمەوە، سوپاسیکاریی هەر بۆ ئەوەو بەخشینەکانیش هەر هی ئەون، سەرکەوتن و پارێزراویش هەر بەدەسەڵاتی ئەوە.

## پێشەکیی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحیم الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله.

بە فەزڵی خوای کردگار، کە جوانی و فەڕی خستە کار، ئەوا بۆ دووەمین جار، ئەم نامیلکەی فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دەکەوێتەوە بەردەست و دیدەی خوێنەرانی کوردەوار، کە وەرگێڕانی بۆ کرا لەلایەن بەندەی گوناهکار...

کە فەرمایشت هی ڕەسوڵی ئەکرەم بێ، دانەریش "نەوەوی"ی خاوەن بەرهەم بێ، ئیتر قسەی بەندە شایستەی دەربڕین نییە، تەنها بۆ ئەوە هاتوومە خزمەتتان کە پێتان بڵێم: ئەرکی من لەم خزمەتەدا تەنها وەرگێڕان بووە "بەکەمترین ڕاڤەی پێویست"، لەگەڵ تەخریجی وردی فەرموودەکان، لەکۆتاییشدا ئامادەکردنی فەرهەنگێك بۆ کارئاسانی خوێنەرانی لەبەرکار.

لوتفی خوای گەورەیە کە ئەم کارە بچووکە لە زۆرێك حوجرەی مزگەوتەکان و لە ناوەندە ئیسلامییەکان و خانەکانی

لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز کرایە مەنهەج و فێرخوازانی بەڕێز لێیەوە سوودمەند دەبوون[1]، ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە خوای گەورە قبوڵی بە دانەر و موسەننیفی بەڕێز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەخشیوە.

بۆیە لەلای خۆمەوە بەگشتی سوپاسی هەموو ئەو موسڵمانانە دەکەم کە بەرەو پیری ئەم کارە هاتن، بەتایبەتیش سوپاسی دەزگای چاپ و پەخشی "**نارین**" دەکەم، کە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان گرتە ئەستۆ.

خوای بێهاوتا بمانکاتە ئامرازی قەدەری خۆی بۆ سەرخستنی سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری پێشەوامان (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم).



[1] وەکو (**زانکۆی زادی**) و (سەنتەری حیکمە و بنکە ژیان و إقرأ و شوێنەکانی تر)، کە دەتوانین بڵێین: ئەم کتێبە موسڵمانانی بە ئاراستە جیاوازەکان کۆکردەوە، وَالحَمْدُ لِلَّهِ.

## خواویستی

عَنْ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ أَبِي حَفْصٍ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: **"إنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إلَى مَا هَاجَرَ إلَيْهِ"**.

پێشەوای باوەڕداران باوکی حەفسە، عومەری کوڕی خەتتاب. (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)م بیست کە دەیفەرموو: پاداشتی هەموو کردارێك بە مەبەستەکەیەتی، هەموو کەسێکیش هەر ئەوەی پێ دەبەخشرێت کە نیازی بووە، هەر موسڵمانێك لە پێناوی خوای گەورەدا کۆچبکات بۆ لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەوا هیجرەتەکەی لەپێناو خواو پێغەمبەری خوا بۆ هەژماردەکرێت، هەرکەسێکیش بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی دونیایی، یان بۆ هاوسەرگیری

ئافرەتێك ناوچەی خۆی جێبهێڵێت ئەوا كۆچكردنەكەی هەروا بۆ هەژماردەكرێت كە بۆی هاتووە.

رَوَاهُ إِمَامَا الْمُحَدِّثِينَ أَبُو عَبْدِ اللهِ مُحَمَّدُ بنُ إِسْمَاعِيل بن إِبْرَاهِيم بن الْمُغِيرَة بن بَرْدِزبَه الْبُخَارِيُّ الْجُعْفِيُّ [رقم:١]، وَأَبُو الْحُسَيْنِ مُسْلِمٌ بنُ الْحَجَّاج بن مُسْلِمٍ الْقُشَيْرِيُّ النَّيْسَابُورِيُّ [رقم:١٩٠٧] رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا فِي "صَحِيحَيْهِمَا" اللذِينِ هُمَا أَصَحُّ الْكُتُبِ الْمُصَنَّفَةِ.[١]

---

[١] ئەم فەرموودەیە هەردوو پێشەوای بەرز و بەڕێزی فەرموودە ڕیوایەتییان كردووەو بە صەحیحیان ناساندووە: یەكەمیان: باوكی عەبدوڵڵا، موحەممەدی كوڕی ئیسماعیلی كوڕی ئیبراهیمی كوڕی موغیرەی كوڕی بەردیزبەی جوعفی، كە ناسراوە بە (ئیمام بوخاری. ١٩٤-٢٥٦ك ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە ژمارە [١]. دووەم: باوكی حوسێن، موسلیمی كوڕی حەججاجی كوڕی موسلیمی قوشەیریی نەیسابووری، كە ناسراوە بە (ئیمامی موسلیم ٢٠٤-٢٥٩ك ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە ژمارە [١٩٠٧]. خوای گەورە لێیان ڕازی بێت، كە لە هەردوو سەحیحەكەیاندا (صحيح البخاري و صحيح مسلم) هێناویانەتەوە، كە بە ڕاسترین پەڕتووكە دانراوەكان دادەنرێن.

## ئیسلام و باوەڕ و چاکەکاری

عَنْ عُمَرَ رضي الله عنه أَيْضًا قَالَ: "بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ، إذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعْرِ، لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ، وَلَا يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ. حَتَّى جَلَسَ إلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إلَى رُكْبَتَيْهِ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ، وَقَالَ: **يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنْ الْإِسْلَامِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): الْإِسْلَامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إنْ اسْتَطَعْت إلَيْهِ سَبِيلًا. قَالَ: صَدَقْت.** فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ! **قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ الْإِيمَانِ. قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاَللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ. قَالَ: صَدَقْت. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ الْإِحْسَانِ. قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّك تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاك. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ السَّاعَةِ. قَالَ: مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنْ السَّائِلِ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَاتِهَا؟ قَالَ: أَنْ تَلِدَ**

**الْأَمَةُ رَبَّتَهَا، وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ.** ثُمَّ انْطَلَقَ، فَلَبِثْنَا مَلِيًّا، ثُمَّ قَالَ: **يَا عُمَرُ أَتَدْرِي مَنْ السَّائِلُ؟**. قَلَتْ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: **فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ**" [(١)].

له پێشەوای باوەڕدارانەوە، سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: ڕۆژێکیان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشتبووین، پیاوێك هاتە ناومانەوە کە پۆشاکەکەی زۆر سپی و مووی زۆر ڕەش بوو، ئاسەواری سەفەری پێوە بەدینەدەکرا (تۆز و خۆڵاویی نەبوو و ماندوویێتی پێوە دیار نەبوو)، هیچ کامێکیشمان نەماندەناسی، تا چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لە بەرامبەری بەشێوەیەك دانیشت کە ئەژنۆی نووساند بە ئەژنۆی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لەپی دەستەکانی خستە سەر هەردوو ڕانی و وتی: ئەی موحەممەد، باسی ئیسلامم بۆ بکە، پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئیسلام ئەوەیە کە شایەتمان بهێنیت و بڕیار بدەیت کە هیچ پەرستراوێک بە

---

(١)موسلیم (٨)، ئەبوداود (٤٦٩٥)، ترمذی (٢٦١٠)، نەسائی (٤٩٩٠)، ئیبنوماجە (٦٣).

حەق نییە جگە لە اللە، بڕیار بدەیت کە موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێغەمبەر و نێردراوی خوایە، نوێژ بکەیت، زەکات بدەیت و ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت، وە ئەگەر توانات هەبوو حەجی ماڵی خوا بکەیت". پیاوەکە وتی: ڕاستت کرد. ئێمەش بەلامانەوە سەیر بوو کە پرسیاری لێ دەکات و دەشڵێت ڕاستت کرد!. پاشان وتی: ئەدی پێم بڵێ باوەڕ (ئیمان) چییە؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە وەڵامیدا فەرمووی: "ئەوەیە کە باوەڕ بە خوا، بە فریشتەکانی، بە کتێبەکانی، بە نێرراوەکانی، و بە ڕۆژی دوایی، و هەروەها باوەڕ بە خێر و شەڕی قەدەر بهێنیت". پیاوەکە دیسانەوە وتی: ڕاستت کرد!. دواتر وتی: ئەدی پێم بڵێ چاکەکاری (ئیحسان) چییە؟ فەرمووی: "چاکە ئەوەیە، کە وا خوا بپەرستیت هەروەکو ئەوەی کە دەیبینیت، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت، بێگومان ئەو تۆ دەبینێت". ئینجا وتی: پێم بڵێ کەی ڕۆژی دواییە؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "لەم باسەدا پرسیارلێکراو لە پرسیارکار زاناتر نییە". پیاوەکە پرسی: باشە پێم بڵێ نیشانەکانی چین؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئەوەیە کە کەنیزەک گەورە (ئاغا)ی خۆی لێ دەبێت، وە پێپەتی و ڕووتوقووتو هەژارانی شوانی مەڕ دەبینیت، پێشبڕکێ دەکەن لە بەرزکردنەوەی

کۆشک و تەلاردا!". ئیتر پیاوەکە ڕۆیشت و ئێمەیش ماینەوە بە سەرسامی. "دوای ماوەیەک (سێ ڕۆژ)" پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئەی عومەر، دەزانی ئەوە کێ بوو پرسیاری دەکرد؟". وتم: خوا و پێغەمبەری خوا زاناترن. فەرمووی: "ئەوە جوبرەئیل بوو، هاتبوو تا دینەکەتان فێربکات".

## فەرموودەی سێیەم

# کۆشکی ئیسلام لەسەر پێنج کۆڵەگەیە

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: "**بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ**: **شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ**". (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) (١)

باوکی عبدالرحمن، عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێیان ڕازی بێ). فەرمووی: لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)م بیست کە دەیفەرموو: ئیسلام لەسەر پێنج کۆڵەکە دامەزراوە: شایەتمان، واتە: شاهێدیدان کە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە (اللە) خوای گەورە، بڕیاردان کە محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نێردراوی خوایە، هەروەها نوێژ بەرپاکردن (ڕاگرتنی نوێژ)، زەکاتدان، حەجکردنی ماڵی خوا، هەروەها گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان.

---

(١) بوخاری (٨)، موسلیم (١٦).

## فەرموودەی چوارەم

### لە تنۆکێك ئاوەوە بەرەو ڕێزلێنانی خوای پەروەردگار

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ الصَّادِقُ الْمَصْدُوقُ: "إنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا نُطْفَةً، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يُرْسَلُ إلَيْهِ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ، وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: بِكَتْبِ رِزْقِهِ، وَأَجَلِهِ، وَعَمَلِهِ، وَشَقِيٍّ أَمْ سَعِيدٍ؛ فَوَاَللَّهِ الَّذِي لَا إلَهَ غَيْرُهُ إنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا. وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا".(رواه الشيخان) (١)

باوکی عەبدولڕەحمان؛ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە -ڕاستگۆو

---

(١) بوخاری (٣٢٠٨)، موسلیم (٢٦٤٣).

بەڕاستزانراوە- بۆی گێڕاینەوەو فەرمووی: "دروستبوونی هەریەکێك لە ئێوە لە سکی دایکیدا کۆ دەکرێتەوە، ماوەی چل ڕۆژی یەکەم تەنها نوتفەیە (تنۆکێك ئاوی مەییوە بە هێلکەدانی ئافرەتەوە)، دواتر بۆ هەمان ماوە دەبێتە "عەلەقە" خوێنپارە (پارچە خوێنێکی مەییوی وەکو زەروو کە هەڵواسراوە بە ڕەحمی دایکەوە)، پاشان بۆ هەمان ماوە دەبێتە موزغە (پارچەیەک گۆشت وەکو پارووپەکی جووراو)، ئینجا خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت و ڕۆحی بەبەردا دەکات و فەرمانی بە چوار وشە (بڕیار) پێ دەکرێت کە بینووسێت: ڕزق و ڕۆزییەکەی، ئەجەلی (کۆتایی تەمەنی)، کارو کردەوەکانی، وە ئایا بەدبەختە یان بەختەوەر. جا سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق جگە لەو نییە، کەسێك لە ئێوە کار و کردەوە بە ڕەفتاری ئەهلی بەهەشت ئەنجام دەدات تا وای لێ دێت نێوان خۆی و بەهەشت تەنها گەزێکی دەمێنێت، بەڵام نووسراوەکەی (قەدەری) پێشی دەکەوێت و کار و کردەوەی ئەهلی دۆزەخ دەکات و دەچێتە دۆزەخەوە! وە کەسێکیش لە ئێوە کار و کردەوە بە ڕەفتاری ئەهلی ئاگر ئەنجام دەدات تا وای لێ دێت نێوان خۆی و دۆزەخ تەنها گەزێکی دەمێنێت، بەڵام نووسراوەکەی پێشی دەکەوێت و کار و کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە!".

## فەرموودەی پێنجەم

## دزوارێی داهێنراو لە دیندا

عَنْ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أُمِّ عَبْدِ اللَّهِ عَائِشَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُا)، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ**" (١)

وَفِي رِوَايَةٍ لِمُسْلِمٍ: "**مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ**".

دایکی باوەڕداران، دایکی عەبدوڵڵا، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "هەرکەسێك لە کاروباری (دینداریی) ئێمەدا شتێك دابهێنێت کە لێی نەبێت (لە دینەکەوە نەهاتبێت)، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە (مەرفووزە و وەرناگیرێت)".

لە ڕیوایەتێکی (موسلیم) دا هاتووە کە: "هەرکەسێك کارێک ئەنجام بدات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە".

---

(١) . بوخاری (٢٦٩٧)، موسلیم (١٧١٨).

## ❁ فەرموودەی شەشەم

# سنوری نێوان حەرام و حەڵاڵ ئاشکرایە

عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا)، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: "**إنَّ الْحَلَالَ بَيِّنٌ، وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا أُمُورٌ مُشْتَبِهَاتٌ لَا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ فَقَدِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلَا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلَا وَإِنَّ حِمَى اللَّهِ مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ**". (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) (١)

لە باوکی عەبدوڵڵاوە، کە نوعمانی کوڕی بەشیرە (خوای گەورە لە خۆی و باوکی ڕازی بێت)، فەرمووی: گوێم لێ بوو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: "بە دڵنیاییەوە حەڵاڵ ئاشکرایە و حەرامیش ئاشکرایە،

---

(١) بوخاری (٥٢)، موسلیم (١٥٩٩).

لەو نێوەندەیشدا هەندێ شتی جێی گومان هەن (کە ڕوون نین حەڵاڵن یان حەرام)، کە زۆربەی خەڵکی نایانزانن، جا هەر کەسێك پارێز لە شتە گومانلێکراوەکان بکات، ئەوا پاکانەی بۆ دین و ئابڕووی خۆی کردووە (پاراستوونی)، هەر کەسێکیش بکەوێتە ناو بابەتە گومانلێکراوەکانەوە، ئەوا کەوتووەتە نێو حەرامەوە. ئەمە وەکو شوانێك وایە کە ئاژەڵەکانی لە دەوری پاوانێکی پەرژینداردا بلەوەڕێنێت، کە خەریك بێت ئاژەڵەکانی سنووری پەرژینی پاوانەکە ببەزێنن (بچنە ناوییەوە). بۆیە بزانن هەموو دەسەڵاتدارێک سنوور و پەرژینی تایبەت بە موڵکی خۆی هەیە (کە کەس نابێت ئەو سنوورانە ببەزێنێت)، بزانن کە سنورو پەرژینی خوای گەورەش قەدەغەکراوەکانییەتی. ئەوەش بزانن کە لە جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە، ئەگەر ئەو چاك و پاك بێت هەموو لاشە چاك دەبێت، ئەگەریش ئەو پیس و خراپ بێت هەموو جەستە پیس و خراپ دەبێت، ئەو پارچە گۆشتەیش دڵە".

## ئایین ئامۆژگاری و خواویستییە

عَنْ أَبِي رُقَيَّةَ تَمِيمِ بْنِ أَوْسٍ الدَّارِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "الدِّينُ النَّصِيحَةُ". قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: "لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ"..[١]

لە باوکی ڕوقەیەوە؛ تەمیمی کوڕی ئەوسی داری (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "دین بریتییە لە دڵسۆزی و ئامۆژگاری". وتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی: "بۆ خوای گەورە، و بۆ کتێبەکەی، و بۆ پێغەمبەرەکەی، و بۆ پێشەواو (سەرکردە)ی موسڵمانان، و بۆ گشت موسڵمانان". *

---

(١) موسلیم (٥٥)، ئەبو داود (٤٩٤٤)، نەسائی (٤١٩٧)، ئەحمەد (١٦٤٩٣).

* (بۆ خوای گەورە: بەندایەتی کردنە بۆی بە تاک و تەنها و پاکڕاگرتنی لە هاوەڵ، بۆ کتێبەکەی: باوەڕپەهێنان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و چەسپاندنێتی. بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): باوەڕپەهێنانێتی بە شێوەیەک کە جەنابی بکەیتە تاکە پێشەوا و شوێنکەوتەی سوننەتەکانی بیت. بۆ زانا و سەرکردەی موسڵمانان: بەوەیە کە لە فەرمانە چاکەکانیان دەرنەچیت، یارمەتیدەریان بیت لەسەر حەق، ئامۆژگاریان بکەیت ئەگەر هەڵەیان کرد. بۆ گشت موسڵمانان: بەوەیە کە مافی برایەتییان بدەیت، خێرت بۆیان بوێت و لە زیان بیانپارێزیت). وەرگێڕ

## تێكۆشان لە پێناو باوەڕ

عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا)، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ؛ فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى**". (١)

لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لە خۆی و باوكی ڕازی بێت)، گێڕدراوەتەوە كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "فەرمانم پێ دراوە كە جەنگ بەرامبەر خەڵكی بكەم تا شایەتمان دەهێنن كە هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە جگە لە (اللە)، و بڕیار دەدەن كە موحەممەد نێردراوی خوایە، نوێژ بەرپا دەكەن، زەكات دەدەن. جا ئەگەر ئەمانەیان كرد، ئیدی خوێن و ماڵ و سامانیان لێم پارێزراو دەبێت، مەگەر بە مافێكی شەرعیی ئیسلام نەبێت، لێپرسینەوەشیان (لە ناخ و شاراوەییەكانیان) لای خوای بەرزو باڵادەستە.

---

(١) بوخاری (٢٥)، موسلیم (٢٢).

## فەرموودەی نۆیەم

## گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ صَخْرٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: "**مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ**".(١)

لە ئەبو هورەیرە، عەبدولڕەحمانی کوڕی سەخر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بیست کە دەیفەرموو: "ئەوەی لێم قەدەغە کردن، لێی دوور بکەونەوە، وە ئەوەش کە فەرمانم پێکردن، ئەوەندەی لە تواناتاندایە ئەنجامی بدەن. چونکە تیاچوونی (میللەت و ئومەتانی) پێش ئێوە لەبەر زۆری پرسیارەکانیان و ناکۆکی و ڕاجیاییان بوو لەسەر (ڕاوڕێ)ی پێغەمبەرەکانیان. سەلامی خوایان لێ بێت ."

---

(١) بوخاری (٧٢٨٨)، موسلیم (١٣٣٧).

## خوای گەورە پاکە و تەنها پاکی دەوێت

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**أَيُّهَا النَّاسُ**[1]**، إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ،** فَقَالَ تَعَالَى:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَٰلِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ وَقَالَ تَعَالَىٰ:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾، **ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ! يَا رَبِّ! وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟**".[2]

---

(١) لەم فەرموودەیەدا ڕاستەوخۆ گەڕاینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکە، کە ئەویش (صحیح مسلم)ە، وەک زانراوە، پێشەوا نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە دانانی ئەم پەرتووکەیدا (الأربعین)، ڕەچاوی ئاسانکاریی کردووە بۆ فێرخوازان تا زوو فەرموودەکان لەبەر بکەن، بۆیە هەندێک جار بڕگەی فەرموودەکانی کورت کردووەتەوە؛ بۆیە لە باوترین چاپەکانیدا دەبینین کە بانگەوازی (أَيُّهَا النَّاسُ) و کۆتایی ئایەتی یەکەم لابراون، هەروەها لەبری (فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ) بەشێوەی (يُسْتَجَابُ لَهُ) هاتووە. بەڵام ئێمە لێرەدا، وەک وەفایەک بۆ لەفزی پاکی پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، دەقە تەواوەکەیمان وەک خۆی لە ئیمامی موسلیمەوە نەخشاندەوە، تا تینوویەتیی خوێنەری کورد بە کانییە ڕوونەکە بشکێنین. (وەرگێڕ)

(٢) موسلیم (١٠١٥)، تیرمزی (٢٩٨٩)، ئەحمەد (٣٢٨/٢)، دارمی (٢٧١٧).

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئەی خەڵکینە! بەڕاستی خوای گەورە پاکە و تەنها پاکیش قبوڵ دەکات. خوای گەورە بە هەمان ئەو شتەی فەرمانی بە پێغەمبەران داوە، فەرمانی بە باوەڕدارانیش داوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ﴾ [المؤمنون: ٥١] واتە: ئەی نێردراوان، لە پاک و حەڵاڵەکان بخۆن و کار و کردەوەی چاك بکەن، بەڕاستی من بەوەی دەیکەن زانام. (لەبەرامبەریشیدا) دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ﴾ [البقرة: ١٧٢] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەو ڕزقە پاک و حەڵاڵانە بخۆن کە پێمان بەخشیون. پاشان [پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)] باسی پیاوێکی کرد کە سەفەرێکی دووورودرێژ دەکات، قژبژ و تۆزاوییە، دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەپاڕێتەوە: ئەی پەروەردگار..! ئەی پەروەردگار..! (خوایە..! خوایە..!)لە کاتێکدا خۆراکەکەی حەرامە، خواردنەوەکەی حەرامە، پۆشاکەکەی حەرامە، هەر بە حەرامیش گۆش کراوە، ئیتر چۆن نزای لەو جۆرە قبوڵ دەکرێت؟!".

## فەرموودەی یازدەیەم

# لە گومانەوە بۆ دڵنیایی

عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ سِبْطِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَرَيْحَانَتِهِ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا)، قَالَ: حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):

**"دَعْ مَا يُرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يُرِيبُكَ"** (١).

لە باوکی موحەممەدەوە؛ حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، نەوە و ڕێحانەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، (خوای گەورە لە خۆی و باوکی ڕازی بێت) فەرمووی: ئەمەم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (وەرگرتووە) لەبەر کردووە (کە دەیفەرموو): "واز لەو شتە بهێنە کە گومانت لێی هەیە، بۆ ئەو شتەی کە گومانت لێی نییە".

---

(١)تیرمزی (٢٥١٨) ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی: (حَسَنٌ صَحِيحٌ)، هەروەها نەسائی (٥٧١١)، و ئەحمەد (١٧٢٣)، و ئیبنو حیببان (٧٢٢)، حاکم (٢١٦٩) ڕیوایەتیان کردووە، حاکم بە سەحیحی داناوە و ئیمامی زەهەبیش هاوڕایەتی لە سەحیحبوونی. وە ئیمامی ئیبنو حەجەر لە پەڕتووکی (تغليق التعليق: ٣/ ٢١٠)دا سەنەدەکەی بە سەحیح داناوە.

## فەرموودەی دوازدەیەم

# خۆت لەشتی تایبەتی هەڵمەقورتێنە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): **"مِنْ حُسْنِ إسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ"** (١).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "لە جوانیی (دینداری)ی ئیسلامەتیی مرۆڤ ئەوەیە، واز لەو شتانە بهێنێت کە پەیوەندییان پێوەی نییە."

---

(١) تیرمزی (٢٣١٧)، و ئیبنو ماجە (٣٩٧٦)، و ئەحمەد (١٧٣٧) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەم فەرموودەیە لە ڕێگەی نۆ یاوەرەوە گێڕدراوەتەوە؛ هەرچەندە پێشەوایانی وەک بوخاری و ئەبو حاتەم سەنەدەکەیان بە (زەعیف) داناوە، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێگەکانییەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان بەرزیان کردووەتەوە: ئیمامی ئیبنو حیببان (٢٢٩)، ئیبنولقەییم لە (الجواب الكافي، ل: ١١٢)، سیوتی لە (الجامع الصغير: ٨٢٤٣)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح الترمذي)دا بە سەحیحیان داناوە. هەروەها ئیمامی نەوەوی بە (حەسەن)ی داناوە، لێکۆڵەرانی موسنەدی ئیمامی ئەحمەدیش دەربارەی دەفەرموون: بەهۆی شایەتحاڵ و ڕێگەکانییەوە حەسەنە (حَسَنٌ بِشَوَاهِدِهِ). (رحمهم الله)

## ئاستێکی باڵای برایەتی

عَنْ أَبِي حَمْزَةَ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) خَادِمِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ:

**"لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ"**. [١]

له باوکی حەمزەوە؛ ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت)، کە خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو، لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "هیچ یەکێکتان ئیمان ناهێنێت، تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە، بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت".

(١) ئەم فەرموودەیە (متفق علیه)ـە؛ ئیمامی بوخاری (١٣)، و موسلیم (٤٥). هەروەها جگە لە (شێخەین)، چەندین زانای تریش ڕیوایەتیان کردووە، لەوانە: ئیمامی ئەحمەد (١٣١٢٢)، تیرمزی (٢٥١٥)، نەسائی (٥٠١٦)، ئیبنو ماجە (٦٦) لە ڕیوایەتێکی تری نەسائی (٥٠١٧)، ئەحمەد (١٣١٤٦)، ئەبو عەوانە (٩٢)دا، بەم لەفزە کۆتایی هاتووە: «...مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ مِنَ الخَيْرِ» (تاوەکو ئەوەی لە خێر و چاکە بۆ خۆی پێی خۆشە، بۆ براکەیشی پێی خۆش نەبێت). زانایان دەفەرموون ئەمەیش زیادکردنێکی (سەحیح)ـە. وەرگێڕ.

## پارێزبەندیی گیان لە ئیسلامدا

عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ**". (١)

لە ئیبنو مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ڕشتنی خوێنی (کوشتنی) هیچ مرۆڤێکی موسڵمان حەڵاڵ نییە کە شایەتمان بدات هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە جگە لە (اللّٰه) و منیش نێردراوی خوام، مەگەر بە یەکێک لەم سێ (هۆکارە): هاوسەرداری زیناکار، گیان بە گیان (واتە بکوژ لەبری کوژراو دەکوژرێتەوە)، ئەو کەسەی واز لە دینەکەی دەهێنێت و لە کۆمەڵی (موسڵمانان) جیا دەبێتەوە".

(١) بوخاری (٦٨٧٨)، موسلیم (١٦٧٦).

## فەرموودەی پازدەیەم

### باوەڕداری وابەستەی ڕەوشتبەرزییە!

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ)، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: **"مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ"**. (١)

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "هەرکەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت. وە هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی دراوسێیەکەی بگرێت. وە هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی میوانەکەی بگرێت".

(١) بوخاری (٦٠١٨)، موسلیم (٤٧).

## هەڵمەچۆ، توڕە مەبە!

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَوْصِنِي. قَالَ: "**لَا تَغْضَبْ**"، فَرَدَّدَ مِرَارًا، قَالَ: "**لَا تَغْضَبْ**". [1].

ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و عەرزیکرد: (ئامۆژگارییەکم بکە). پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: توڕەمەبە، پیاوەکە چەند جارێك داواکەی دووبارە کردەوە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر دەیفەرموو: توڕە مەبە.

(١) بوخاری (٥٧٦٥)، ترمذي (٢٠٢٠)، ئەحمەد (٢٧٣١١).

## چاکەکاری لە هەموو شتێکدا

عَنْ أَبِي يَعْلَى شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**إنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ**" [1].

لە ئەبو یەعلا؛ شەددادی کوڕی ئەوس (خوا لێی ڕازی بێت)، لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "بەڕاستی خوای گەورە فەرمانی بە چاکەکاری (ئیحسان) داوە بەرامبەر بە هەموو شتێك. بۆیە ئەگەر (گیانلەبەرێک)تان کوشت، بە شێوەیەکی باش بیکوژن، ئەگەر ئاژەڵێکتان سەربڕی، بە شێوەیەکی باش سەری ببڕن، با هەریەکێکتان چەقۆکەی باش تیژ بکات، (تا خێرا گیانی دەرچێت و لە ئازارکێشان قوتارببێت) و سەربڕاوەکەی بحەسێنێتەوە ".

---

(١) ئیمامی موسلیم (١٩٥٥)، و ئەبو داود (٢٨١٥)، و تیرمزی (١٤٠٩)، ونەسائی (٤٤٠٥)، ئیبنو ماجە (٣١٧٠) ڕیوایەتیان کردووە.

## لە هەرشوێنێك بوویت پارێزكاری لە سنورەكانی خوا بكە

عَنْ أَبِي ذَرٍّ جُنْدُبِ بْنِ جُنَادَةَ، وَأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ**". (١).

ئەبو زەڕ؛ جوندوبی كوڕی جونادە، باوكی عەبدولڕەحمان؛ موعازی كوڕی جەبەل (خوا لێیان ڕازی بێت)، لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گێڕاویەتیانەوە كە فەرموویەتی: "لە هەر شوێنێك بوویت ترسی خوات لە دڵدا بێت و پارێزكاری لە سنوورەكانی خوا بكە، دوای هەر خراپەیەك چاكەیەك بكەیت دەیسڕێتەوە، بە شێوەیەكی جوانیش ڕەفتار لەگەڵ خەڵكیدا بكە".

---

(١) ئیمامی تیرمزی (٢٥٠٧) ڕیوایەتی كردووە و دەفەرموێت: (حَسَنٌ صَحِيحٌ). هەروەها ئەحـــمەد (٢٠٨٤٧)، ئیبنـــو مـــاجە (٤٠٣٢)، دارمـــی (٢٧٩١)، حـــاكم (١٨٣) گێڕاویانەتەوە؛ كە حاكم بەپێی مەرجی شێخەین بە سەحیحی داناوە، شێخی ئەلبانیش حەسەنی كردووە. جێی باسە ئەم فەرموودەیە كۆمەڵێک شایەتحاڵی (شَوَاهِد) هەیە كە ســـەنەدەكەی پـــێ بەهـــێزتر دەبێـــت، هەر لەبەر ئەوەش لای پێشـــەوایانی فەرموودەناسی جێگیر و پەسەندكراوە.

## دینی خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێت!

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كُنْتُ خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمًا، فَقَالَ: "**يَا غُلَامُ! إنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَإِنِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ؛ رُفِعَتِ الْأَقْلَامُ، وَجَفَّتِ الصُّحُفُ**". (١).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی: ڕۆژێکیان لە دوای پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووم، فەرمووی:

---

(١) ئیمامی تیرمزی (٢٥١٦) ڕیوایەتی کردووە و دەفەرموێت: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ). هەروەها ئەحمەد (٢٣٣/٤) ڕیوایەتی کردووە، شێخی ئەلبانی لە (صحيح الترمذي/ ٢٥١٦) و لە (صحيح الجامع الصغير/ ٧٩٥٧)دا دەفەرموێت: سەحیحە.

"ئەی ڕۆڵە! من چەند وتەیەکت فێردەکەم: (سنورەکانی) خوا بپارێزە، دەتپارێزێت. خوا بپارێزە، دەبینیت ڕووەوڕووتە (لە بەرامبەرتە)، ئەگەر داوات کرد، داوا لە خوا بکە. وە ئەگەر داوای یارمەتیت کرد، یارمەتی لە خوا بخوازە. وە لەوە دڵنیابە کە ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوە تا بە شتێك سوودت پێ بگەیەنن، ناتوانن سوودت پێ بگەیەنن، مەگەر بە شتێك کە خوا بۆتی نووسیبێت. وە ئەگەر کۆببنەوە لەسەر ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن، مەگەر بە شتێك کە خوا لەسەرتی نووسیبێت، قەڵەمەکان هەڵگیراونەتەوە، (نووسینی) پەڕەکانیش وشك بوونەتەوە".

## مادام شەرم ناکەیت چی دەکەیت بیکە

عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ عُقْبَةَ بْنِ عَمْرٍو الْأَنْصَارِيِّ الْبَدْرِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى: إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ**"(١).

ئەبو مەسعود؛ عوقبەی کوڕی عەمری ئەنساریی بەدری (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "بەڕاستی لەو شتانەی کە خەڵکی لە وتەی پێغەمبەرایەتیی یەکەم (پێشوو) پێیان گەیشتووە، ئەمەیە: ئەگەر شەرمت نەکرد، ئەوەی دەتەوێت بیکە".

---

(١) ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا (٣٤٨٤) ڕیوایەتی کردووە. هەروەها ئەبو داود لە (السنن/ ٤٧٩٧)، ئیبنو ماجە لە (السنن/ ٤١٨٣)، و ئەحمەد لە (المسند/ ١٧٠٩٠)، ئیبنو ئەبی شەیبە لە (المصنف: ٨/ ٣٣٦)، و تەبەرانی لە (المعجم الكبير/ ٦٤٠)، بەیهەقی لە (السنن الكبرى/ ٢١٣٠٧)، ئیبنو عەساکر لە (تاريخ دمشق: ٣٦/ ١٨٣)، هەروەها پێشەوایانی تریش ڕیوایەتیان کردووە.

## فەرموودە بیست و یەکەم

# باوەڕی دامەزراوو دینداریی بەردەوام

عَنْ أَبِي عَمْرٍو –وَقِيلَ: أَبِي عَمْرَةَ– سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! قُلْ لِي فِي الْإِسْلَامِ قَوْلًا لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا غَيْرَكَ؛ قَالَ: **"قُلْ: آمَنْتُ بِاللَّهِ ثُمَّ اسْتَقِمْ"**. [1].

ئەبو عەمر -دەشگوترێت: ئەبو عەمرە-؛ سوفیانی کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)! لە ئیسلامدا قسەیەکم پێ بڵێ کە جگە لە خۆت پرسیار دەربارەی لە هیچ کەسێکی تر نەکەم. فەرمووی: "بڵێ: باوەڕم بە خوا (الله) هێناوە، پاشان (لەسەری) دامەزراو بە.

---

(١) ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم (٣٨)، ئەحمەد (١٥٤١٦)، ئیبنو حیببان (٩٤٢)، تەبەرانی لە (المعجم الكبير/ ٦٣٩٨)، بەیهەقی لە (شُعَبُ الإيمان/ ٤٩١٦) هەوەها پێشەوایانی تریش ڕیوایەتیان کردووە.

هەروەها ئیمامی تیرمزی (٢٤١٠)، ئیبنو ماجە (٣٩٧٢)، ئەحمەد (١٥٤١٨) بە لەفزێکی درێژتر بەمشێوەیە ڕیوایەتیان کردووە: وتم: (حَدِّثْنِي بِأَمْرٍ أَعْتَصِمُ بِهِ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، شتێکم پێ بڵێ کە دەستی پێوە بگرم "پەنای پێ ببەم"، فەرمووی: «**قُلْ رَبِّيَ اللَّهُ، ثُمَّ اسْتَقِمْ، بڵێ پەروەردگارم الله یە، پاشان دامەزراو بە**»، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، زیاتر لە هەموو شتێک لە چی دەترسیت بۆم؟ ئەوەبوو دەستی بە زمانی خۆیەوە گرت و فەرمووی: « **هَذَا: ئەمە**».

## فەرموودەی بیست و دووەم

## ئاسانیی شەریعەت و مسۆگەرکردنی بەهەشت

عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الْمَكْتُوبَاتِ، وَصُمْتُ رَمَضَانَ، وَأَحْلَلْتُ الْحَلَالَ، وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ، وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا؛ أَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟ قَالَ: "**نَعَمْ**" (١).

ئەبو عەبدوڵلا، جابری کوڕی عەبدوڵلای ئەنساڕی (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە: پیاوێك(*) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد و وتی: پێت چۆنە ئەگەر تەنها نوێژە فەرزەکان بکەم، و لە ڕەمەزاندا بەڕۆژوو بم، و حەڵاڵ بە حەڵاڵ بزانم (ئەنجامی بدەم)، و حەرامیش بە حەرام بزانم (توخنی نەکەوم)، هیچی تریش لەسەر ئەوانە زیاد نەکەم؛ ئایا دەچمە بەهەشت؟! فەرمووی: "بەڵێ".

---

(١) ئیمامی موسلیم (١٥)، و ئەحمەد (١٤٢٦٦)، و ئیبنو حیببان (١٨٩)، و بەیهەقی لە (السنن الكبرى/ ٨٥٦٨) ڕیوایەتیان کردووە.

(*) ئەو هاوەڵە بەڕێزەی پرسیارەکەی کردووە ناوی 'نُعمان کوڕی قَوقَل'ە، (خوا لێی ڕازی بێت).

قورئان، بەڵگەیەکە بۆت یان بەڵگەیەکە لەسەرت.

عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْحَارِثِ بْنِ عَاصِمٍ الْأَشْعَرِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ -أَوْ: تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا**" (١).

ئەبو مالیك؛ حارسی کوڕی عاسیمی ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "پاکژی نیوەی ئیمانە، وە (الحمد لله) تەرازوو پڕ دەکاتەوە، وە (سبحان الله) و (الحمد لله) ئەوەی نێوان ئاسمان و زەوی هەیە پڕی دەکەنەوە -یان پڕی دەکاتەوە-، نوێژ نوورە، وە سەدەقە (بەڵگەی ڕاستێتی باوەڕە)، وە ئارامگرتن ڕووناکییە، وە

(١) ئیمامی موسلیم (٢٢٣)، تیرمزی (٣٥١٧)، نەسائی (٢٤٣٧)، ئیبنو ماجە (٢٨٠)، هەروەها ئیمامی ئەحمەد (٢٢٤٠١) ڕیوایەتیان کردووە.

قورئانیش بەڵگەی بەرگرییە لێت، یان بەڵگەیە لەسەرت، هەموو خەڵکی بەیانیان دەردەچن (بۆ کار)، هەیە نەفسی خۆی بە خوای گەورە دەفرۆشێت (بەوەی فەرمانەکانی خوای گەورە جێبەجێدەکات و خۆی لە گوناح دەپارێزێت) بەمەش نەفسی خۆی لە دیلی قوتاردەکات. هەشیانە خۆی پیس و چڵکن دەکات (بەوەی نەفسی خۆی لە گوناح هەڵدەکێشێت) و خۆی لەناو دەبات.

## دەسەڵاتی ڕەهای پەروەردگار و لاوازیی بەندەی هەژار

عَـنْ أَبِي ذَرٍّ الْغِفَـارِيِّ (رَضِـيَ ٱللَّهُ عَنْـهُ) عَـنِ النَّـبِيِّ (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فِيمَـا يَرْوِيـهِ عَـنْ رَبِّـهِ تَبَـارَكَ وَتَعَـالَى، أَنَّـهُ قَـالَ: **"يَا عِبَـادِي: إِنِّي حَرَّمْـتُ الظُّلْـمَ عَلَـى نَفْسِـي، وَجَعَلْتُـهُ بَيْـنَكُمْ مُحَرَّمًـا؛ فَـلَا تَظَـالَمُوا. يَا عِبَـادِي! كُلُّكُـمْ ضَـالٌّ إِلَّا مَـنْ هَدَيْتُـهُ، فَاسْتَهْـدُونِي أَهْدِكُـمْ. يَا عِبَـادِي! كُلُّكُـمْ جَـائِعٌ إِلَّا مَـنْ أَطْعَمْتُـهُ، فَاسْـتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُـمْ. يَا عِبَـادِي! كُلُّكُـمْ عَـارٍ إِلَّا مَـنْ كَسَـوْتُهُ، فَاسْتَكْسُـونِي أَكْسُـكُمْ. يَا عِبَـادِي! إِنَّكُـمْ تُخْطِئُـونَ بِاللَّيْـلِ وَالنَّهَـارِ، وَأَنَا أَغْفِـرُ الـذُّنُوبَ جَمِيعًـا؛ فَاسْـتَغْفِرُونِي أَغْفِـرْ لَكُـمْ. يَا عِبَـادِي! إِنَّكُـمْ لَـنْ تَبْلُغُـوا ضُـرِّي فَتَضُـرُّونِي، وَلَـنْ تَبْلُغُـوا نَفْعِـي فَتَنْفَعُـونِي. يَا عِبَـادِي! لَـوْ أَنَّ أَوَّلَكُـمْ وَآخِـرَكُمْ وَإِنْسَـكُمْ وَجِـنَّكُمْ كَـانُوا عَلَـى أَتْقَـى قَلْـبِ رَجُـلٍ وَاحِـدٍ مِـنْكُمْ، مَـا زَادَ ذَلِـكَ فِي مُلْكِـي شَـيْئًا. يَا عِبَـادِي! لَـوْ أَنَّ أَوَّلَكُـمْ وَآخِـرَكُمْ وَإِنْسَـكُمْ وَجِـنَّكُمْ كَـانُوا عَلَـى أَفْجَـرِ قَلْـبِ رَجُـلٍ وَاحِـدٍ مِـنْكُمْ، مَـا نَقَـصَ ذَلِـكَ مِـنْ مُلْكِـي شَـيْئًا. يَا عِبَـادِي! لَـوْ أَنَّ أَوَّلَكُـمْ وَآخِـرَكُمْ وَإِنْسَـكُمْ**

**وَجِـنَّكُمْ قَـامُوا فِي صَـعِيدٍ وَاحِـدٍ، فَسَـأَلُونِي، فَأَعْطَيْـتُ كُـلَّ وَاحِـدٍ مَسْـأَلَتَهُ، مَـا نَقَـصَ ذَلِـكَ مِمَّـا عِنْـدِي إِلَّا كَمَـا يَـنْقُصُ الْمِخْـيَطُ إِذَا أُدْخِـلَ الْبَحْـرَ. يَا عِبَـادِي! إِنَّمَـا هِـيَ أَعْمَـالُكُمْ أُحْصِـيهَا لَكُـمْ، ثُمَّ أُوَفِّـيكُمْ إِيَّاهَـا؛ فَمَـنْ وَجَـدَ خَـيْرًا فَلْيَحْمَـدِ اللَّهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ"** (١).

ئەبو زەڕی غیفاری (خوا لێی ڕازی بێت)، لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە پەروەردگارییەوە (تَبَارَكَ وَتَعَالَى) گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: "ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەر خودی خۆم حەرام کردووە، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، جا ستەم لە یەکتر مەکەن. ئەی بەندەکانم! هەر هەمووتان گومڕان مەگەر ئەوەی من ڕێنماییم کردبێت، بۆیە داوای ڕێنماییم لێ بکەن تا هیدایەتتان بدەم. ئەی بەندەکانم! هەمووتان برسیین مەگەر ئەوەی من خۆراکم پێیدابێت، بۆیە داوای ڕۆزی هەر لە من بکەن، تا پێتانبدەم. ئەی بەندەکانم! هەمووتان ڕووتن مەگەر ئەوەی من پۆشتەم کردبێت، بۆیە داوای پۆشاکم لێ بکەن تا پۆشتەتان بکەم. ئەی بەندەکانم! ئێوە بە شەو و ڕۆژ هەڵە دەکەن، وە منیش لە هەموو

(١) موسلیم (٢٥٧٧)، ترمذی (٢٤٩٥)، ئیبنوماجە (٤٢٥٧)، ئەحمەد (١٦٠/٥).

تاوانەکان خۆش دەبم، بۆیە داوای لێخۆشبوونم لێ بکەن تا لێتان خۆش بم. ئەی بەندەکانم! ئێوە هەرگیز ناگەن بە (ئاستی) زیانگەیاندن بە من تا زیانم لێ بدەن، وە هەرگیز ناشگەن بە (ئاستی) سوودگەیاندن بە من تا سوودم پێ بگەیەنن. ئەگەر دوابەیەکتان بە مرۆڤ و پەریتانەوە لەسەر پاکترین و پارێزکارترین دڵی یەکێکتان بن؛ ئەوە یەك دەنك لە موڵکی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم! ئەگەر سەرەتاو کۆتاییتان، مرۆڤ و جنۆکەتان لەسەر پیسترین و خراپەکارترین دڵی یەکێکتان بن، ئەوە تۆسقاڵێك لە موڵکی من کەم ناکات. ئەی بەندەکانم! ئەگەر یەکەمین و دواهەمینتان، مرۆڤ و جنۆکەتان لە یەك گۆڕەپاندا بوەستن، وە داوام لێ بکەن، وە منیش بە هەریەکێک داواکارییەکەی خۆی ببەخشم؛ ئەوە هیچ شتێک لەوەی لای منە کەم ناکات، مەگەر وەک چۆن دەرزییەك کەم دەکاتەوە کاتێک دەخرێتە ناو دەریاوە. ئەی بەندەکانم! ئەوە تەنها کار و کردەوەکانی کە بۆتانی هەژمارو تۆمار دەکەم، بە ئەمانەت دەیپارێزم و هەر یەکەتان هەقی خۆی دەدەمەوە؛ جا هەرکەسێك خێرێکی دەست کەوت، با سوپاسی خوا بکات، وە هەر کەسێکیش جگە لەوەی دەست کەوت، با جگە لە خۆی لۆمەی کەسی تر نەکات".

# فەرموودەی بیست و پێنجەم

## سامانی هەژارو سەدەقەی بێ درهەم و دینار

عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أَيْضًا، أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالُوا لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ؛ يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ. قَالَ: "**أَوَلَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ؟ إنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً، وَأَمْرٌ بِمَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ**". قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: "**أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ، كَانَ لَهُ أَجْرٌ**". (١)

دیسانەوە لە ئەبو زەڕەوە (خوا لێی ڕازی بێت) (دەگێڕێتەوە کە): خەڵکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پێغەمبەریان

---

(١)موسلیم (١٠٠٦)، و ئیبنو ماجە (٩٢٧)، و ئەحمەد (٢٠٩١٧) ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها ئیبنو حەجەر لە (فتح الباري/ ٨٠٧)دا ئاماژەی پێ کردووە.

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وت: ئەی پێغەمبەری خوا! خاوەن سامانەکان (دەوڵەمەندەکان) پاداشتەکانیان برد، نوێژ دەکەن وەک چۆن ئێمە نوێژ دەکەین، وە بەڕۆژوو دەبن وەک چۆن ئێمە بەڕۆژوو دەبین، وە بە زیادەی ماڵەکانیان خێر دەکەن.

فەرمووی: "ئەدی خوای گەورە ڕێیتری نیشانی ئێوە نەداوە تا لەوێوە خێربکەن؟ بەڕاستی بە هەموو تەسبیحەیەک (وتنی: سُبۡحَانَ ٱللَّهِ) خێرێکە، وە هەموو تەکبیرێک (وتنی: اللَّهُ أَكْبَرُ) خێرێکە، وە هەموو تەحمیدەیەک (وتنی: ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ) خێرێکە، وە هەموو تەهلیلەیەک (وتنی: لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ) خێرێکە، وە فەرمانکردن بە چاکە خێرە، وە ڕێگریکردن لە خراپە خێرە، تەنانەت لە کاری سەرجێی (جووتبوون)ی هەر یەکێکیشتاندا خێرێک هەیە."

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا یەکێک لە ئێمە ئارەزووی خۆی دامرکێنێتەوە پاداشتی بۆ هەیە؟

فەرمووی: "ئەدی ئەگەر ئەو ئارەزووەی لەحەرامدا دانێت چی؟ (مەگەر تاوانبار نابێت؟!)، ئێ هەر ئاوا ئەگەر لە حەڵاڵدا بەکاریهێنا پاداشتی دەستدەکەوێت."

فەرموودەی بیست و شەشەم

## ئازارلادان لەسەر ڕێ

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): **"كُلُّ سُلَامَى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ، كُلَّ يَوْمٍ تَطْلُعُ فِيهِ الشَّمْسُ تَعْدِلُ بَيْنَ اثْنَيْنِ صَدَقَةٌ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّتِهِ فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ، وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ، وَبِكُلِّ خُطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلَاةِ صَدَقَةٌ، وَتُمِيطُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ"** (١).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "لە جەستەی مرۆڤدا هەر جومگەیەک خێرو سەدەقەیەکی لەسەرە (پێویستە بیکات)، لە هەموو ڕۆژێکدا کە گزنگی خۆری تێدا هەڵدێت، ئەگەر دادپەروەری و ئاشتەوایی لە نێوان دوو کەسدا بکەیت سەدەقەیە، وە یارمەتیی کەسێک بدەیت بۆ سواربوونی ئاژەڵەکەی

(١) ئیمامی بوخاری (٢٧٠٧)، و موسلیم (١٠٠٩) ڕیوایەتیان کردووە.

(یان هۆکاری گواستنەوەکەی)، دەستیاریی و دەستباریی بۆ بارلێنانی سوارییەکەی بکەیت ئەوەش خێرێکە، وتەی پاک و جوان سەدەقەیە، وە هەر هەنگاوێک کە بەرەو نوێژکردن هەڵیدەهێنیتەوە سەدەقەیە، وە لادانی هەر شتێکی ئازاربەخش لەسەر ڕێگەوبان، سەدەقەیە".

## فەتوای ویژدان!

عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ**". (١).

عَنْ وَابِصَةَ بْنِ مَعْبَدٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: "**جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ؟**" قُلْتُ: نَعَمْ. فَقَالَ: "**اسْتَفْتِ قَلْبَكَ، الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ، وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ**". (٢).

---

(١) ئیمامی موسلیم (٢٥٥٣) ڕیوایەتی کردووە.

(٢) ئیمامی ئەحمەد (١٨٠٠١) ڕیوایەتی کردووە، و مونزیری لە (الترغیب والترهیب: ٢/ ٣٥١) بە حەسەنی داناوە. هەروەها ئیمامی نەوەوی دەربارەی دەفەرموێت: فەرموودەیەکی حەسەنە، لە هەردوو موسنەدی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و دارمییەوە -ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێ بێت- بە سەنەدێکی حەسەن ڕیوایەتمان کردووە.

نەوواسی کوڕی سـەمعان خـوا لێـی ڕازی بێـت لە پێغەمـبەری خـواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: چاکە بریتییە لە ڕەوشـت و ئاکاری جـوان، وە تاوانیش ئەوەیە کە لە ناختـدا دەخـولێتەوە (ویژدانـت ئـازار دەدات)، وە پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانن.

وابیسەی کوڕی مەعبەد خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەویش فەرمووی: هاتووی لەبارەی چاکەوە پرسیار بکەیت؟ وتم: بەڵێ. فەرمووی: "فەتوا لە دڵت بخوازە، چاکە ئەوەیە کە دەروون پێی ئارام دەبێت و دڵ پێی ئاسوودە دەبێت، وە تاوانیش ئەوەیە کە لە دەروونـدا دەخولێتەوە و لە سینەدا هاتوچۆ دەکات (ڕاڕاییت بۆ دروست دەکات)، ئەگەرچی خەڵکیش فەتوایان بۆ دابیت و پێیان ڕەوا کردبیت".

## وەسیەتتان دەکەم بە پارێزکاریی

عَنْ أَبِي نَجِيحٍ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: وَعَظَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَوْعِظَةً وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ، وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! كَأَنَّهَا مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوْصِنَا، قَالَ: "**أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ؛ فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ**" (١)

---

(١)ئەبو داود (٤٦٠٧)، تیرمزی (٢٦٧٦) ڕیوایەتیان کردووە و تیرمزی دەفەرموێت: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ)، ئیبنو ماجە (٤٤)، ئەحمەد (١٦٦٩٢)، و دارمی (٩٦)، تەبەرانی (١٨/٦١٧)، هەروەها بەغەوی لە (شرح السنة/ ١٠٢) ڕیوایەتیان کردووە.

سەیرە کە هەندێک لە زانایانی سەر بە دەسەڵاتی سیاسی لەم سەردەمەدا ئەم فەرموودەیان بە زەعیف داناوە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵێکی زۆر لە فەرموودەوانان و توێژەرانی فەرموودە بە سەحیحیان داناوە، لەوانە: ئیبنو عەبدولبەڕ لە (جامع بيان العلم وفضله: ٢/ ١١٦٤)، حاکمی نەیسابووری لە (المستدرك/ ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٣)، ئیبنو حیببان لە (صحيح ابن حبان، المقدمة: ٥)، بەغەوی لە (شرح السنة: ١/ ١٨١)، بەیهەقی لە (دلائل النبوة: ٦/ ٥٤١)،

له ئەبو نەجیح؛ عیربازی کوڕی سارییەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتاری بۆ دەداین، دڵەکان تێیدا دەهاتنە هەژان، ئەسرینی لەچاوان دەهێنایە خوار، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا! وەک ئەوەی ئامۆژگاریی ماڵئاوایی بێت، بۆیە وەسیەتێکمان بۆ بکە. فەرمووی: "وەسیەتتان دەکەم بە پارێزکاری (تەقوا)ی خوا، وە بە گوێڕایەڵی و ملکەچی، ئەگەرچی بەندەیەکیش بکرێتە ئەمیر و سەرکردەتان؛ چونکە بەڕاستی هەر کەسێک لە ئێوە بژیێت، ئەوا ڕاجیایی و جیاوازییەکی زۆر دەبینێت، بۆیە لەسەرتانە دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە ڕاشدینە ڕێنماییکراوەکانەوە، بە توندی دەستی پێوە بگرن و بە کاکیلە قەپاڵی لێ بدەن (بەموو لێی لانەدەن)، وە ئاگاتان خۆتان لە کارە داهێنراوەکان (لە دیندا) بەدوور بگرن، چونکە بەڕاستی هەموو داهێنراوێک گومڕاییە.

---

مونزیری لە (الترغیب والترهیب: ١/ ٦٠)، ئیبنو تەیمیە لە (مجموع الفتاوى: ١١/ ٦٢٢)، لەم سەردەمەشدا شەوکانی لە (السیل الجرار المتدفق: ٢/ ١٠٤)، و ئیبنو باز لە (مجموع فتاوى ابن باز: ٦/ ٣١٧)، و ئەلبانی لە (صحیح سنن ابن ماجه/ ٤٢) -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت-.

## فەرموودەی بیست و نۆیەم

### زمانت بگرە

عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدْنِي مِنَ النَّارِ، قَالَ: "**لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ، وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ: تَعْبُدُ اللَّهَ لَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ**"، ثُمَّ قَالَ: "**أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ؟ الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ، وَصَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ**"، **ثُمَّ تَلَا**: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ﴾ **حَتَّى بَلَغَ** ﴿يَعْمَلُونَ﴾. ثُمَّ قَالَ: "**أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ؟**" قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: "**رَأْسُ الْأَمْرِ الْإِسْلَامُ، وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ، وَذُرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ**"، ثُمَّ قَالَ: "**أَلَا أُخْبِرُكَ بِمَلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟**" فَقُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ ! **فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ وَقَالَ**: "**كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا**". قُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ فَقَالَ: "**ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَامُعَاذُ، وَهَلْ**

**يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ -أَوْ قَالَ: عَلَى مَنَاخِرِهِمْ- إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ؟!"** [١].

له موعازی کوڕی جەبەلەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا! هەواڵم پێ بدە بە کارێک کە بمخاتە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ دوورم بخاتەوە. فەرمووی: "بەڕاستی پرسیارت لەبارەی شتێکی گەورەوە کرد، وە بێگومان ئەو (کارە) ئاسانیشە بۆ هەر کەسێک کە خوای گەورە بۆی ئاسان بکات: بەندایەتیی خوا دەکەیت و هیچ شتێکی ناکەیتە هاوبەشی، وە نوێژ بەجێدەهێنیت، وە زەکات دەدەیت، وە ڕۆژووی ڕەمەزان دەگریت، وە حەجی ماڵەکەی (کەعبە) دەکەیت". پاشان فەرمووی: "ئایا ڕێنماییت نەکەم بۆ دەوازەکانی خێر؟ ڕۆژوو قەڵغانە، وە سەدەقە و ماڵبەخشینیش تاوان دەکوژێنێتەوە وەک چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، وە پاشان ئەو شەونوێژەی لە ناوەڕاستی شەودا دەکرێت"، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ

---

(١) ئیمامی تیرمزی (٢٦١٦) ڕیوایەتی کردووە و دەفەرموێت: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ)، ئیبنو ماجە (٣٩٧٣)، ئەحمەد (٥/ ٢٣١)، بەیهەقی لە (السنن الكبرى/ ١٧٢٤٠) ڕیوایەتیان کردووە. هەروەها شێخ ئەلبانی لە (إرواء الغليل/ ٤١٣) بە سەحیحی داناوە.

عَنِ الْمَضَاجِعِ﴾ تا گەیشتە ﴿يَعْمَلُونَ﴾[1]. پاشان فەرمووی: "ئایا هەواڵت پێ نەدەم بە ترۆپکی بەرز (سەری کارەکە) و کۆڵەکەکەی و لوتکەی بەرزی (ئەم دینە)؟" وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: " ترۆپکی هەموو کارێکی خێر موسوڵمانێتییە (تەسلیمبوونە بە خوای گەورە)، سەری کارەکە ئیسلامە، کۆڵەکەکەشی نوێژە، لوتکە بڵندەکەشی جیهادە". پاشان فەرمووی: "ئایا هەواڵت پێ نەدەم بە بنچینەی (پارێزەری) هەموو ئەوانە؟" وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوەبوو دەستی بە زمانی خۆیەوە گرت و فەرمووی: "ئاگەداری ئا ئەمە بە (زمانت بپارێزە)". وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئێمە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت لەسەر ئەوەی قسەی پێ دەکەین؟ فەرمووی: "دایکت رۆڵەڕۆت بۆ بکات ئەی موعاز! مەگەر خەڵکی کە بەسەر ڕوخساریاندا -یان فەرمووی بەسەر لووتیاندا- فڕێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە لەسەر شتێکی ترە جگە لە دروێنەو بەرهەمی زمانەکانیان؟!."

(١) ﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ السجدة: ١٦ -١٧. واتە: تەنیشتیان لە جێگەی خەو دوور دەکەوێتەوە (شەونخوونی دەکەن و خەوی شیرین تەرک دەکەن)، لە نێوان ترس و ئومێددا نزا و پاڕانەوە ئاراستەی پەروەردگاریان دەکەن، وە لەو ڕزق و ڕۆزییەی پێمان بەخشیون دەبەخشن. جا هیچ کەسێك نازانێت چ نیعمەتێکیان بۆ شاراوەتەوە کە دەبێتە مایەی ڕۆشنبوونی چاو و ئاسوودەیی دەروون، ئەمەش وەک پاداشتێک لەپای ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدا.

## فەرموودەی سییەم

### بە سنووری دینەکەوە پابەندبە، بەستە

عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ جُرْثُومِ بْنِ نَاشِبٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى فَرَضَ فَرَائِضَ فَلَا تُضَيِّعُوهَا، وَحَدَّ حُدُودًا فَلَا تَعْتَدُوهَا، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ فَلَا تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلَا تَبْحَثُوا عَنْهَا**" (١).

---

(١) ئیمامی دارەقوتنی لە سونەنەکەیدا (٤٣٩٦) و (٤/ ١٨٣-١٨٤)، تەبەرانی لە (المعجم الكبير: ٥٨٩) (٢٢/ ٢٢١-٢٢٢)، حاکم لە (المستدرك: ٧١١٤) (٤/ ١١٥)، بەیهەقی لە (السنن الكبرى: ١٩٧٢٦) و (١٠/ ١٢)، ئەبو نوعەیم لە (الحلية: ٩/ ١٧)، هەروەها تەبەری لە تەفسیرەکەیدا (١١/ ١١٤) ڕیوایەتیان کردووە، هەموویان لە ڕێگەی داودی کوڕی ئەبو هند، لە مەکحولەوە، ئەویش لە ئەبو سەعلەبەوە (خوا لێی ڕازی بێت) بە مەرفوعی گێڕاویانەتەوە. هەروەها ئیمامی زەهەبی لە (المهذب: ٨/ ٣٩٧٦)، ئیمامی ئیبنو حەجەر لە (المطالب العالية: ٣/ ٢٧١)، هەروەها شێخ ئەلبانی لە (ضعيف الجامع الصغير: ١٥٩٧) بە زەعیفیان داناوە.

ئیبنو سەمعانی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەفەرموێت: (هەر کەسێک کار بەم فەرموودەیە بکات.. ئەوا پاداشتی بەدەستهێناوە و لە سزاش پارێزراو بووە، چونکە هەر کەسێک فەرزەکان جێبەجێ بکات، لە حەرامکراوەکان دوور بکەوێتەوە، لە ئاست سنوورەکاندا بوەستێت، واز لە کۆڵینەوەی ئەوە بهێنێت کە لێی شاراوەیە.. ئەوا تەواوی

له ئەبو سەعلەبەی خوشەنی؛ جورسومی کوڕی ناشیبەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، له پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرموویەتی: "بەڕاستی خوای گەورە چەند فەرزێکی داناوە، بۆیە مەیافەوتێنن (کەمتەرخەمییان تێدا مەکەن)، وە چەند سنوورێکی کێشاوە مەیانبەزێنن، وە چەند شتێکی حەرام کردووە، پێشێلیان مەکەن (توخنیان مەکەون)، لەبەزەیی خۆیەوە لە هەندێك شت "بێ بیرچوونەوە" بێدەنگبووە، ئێوەش زۆر لێیمەکۆڵنەوە. (ئەوەندە بە دوایاندا مەڕۆن و سەختگیرانە بیانگرنەبەر، پاشان نەتوانن پێیانەوە پابەند بمێنن). "

---

بەشەکانی فەزڵ و چاکەی گرتووەتە خۆی و مافی دینی بەتەواوی جێبەجێ کردووە، چونکە حوکمەکانی شەریعەت لەو جۆرانە دەرناچن کە لەم فەرموودەیەدا باسکراون).

## فەرموودەی سی و یەکەم

# چاوت لە ماڵی خەڵکی نەبێت

عَنْ أَبِي الْعَبَّاسِ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلْتُهُ أَحَبَّنِي اللَّهُ وَأَحَبَّنِي النَّاسُ؛ فَقَالَ: **"ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبُّك اللَّهُ، وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحِبُّك النَّاسُ"**. (١)

لە ئەبو عەبباس؛ سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدییەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! ڕێنماییم بکە بۆ کارێك ئەگەر

---

(١) ئیمامی ئیبنو ماجە (٤١٠٢)، حاکم (٧٨٧٣) و (٤/ ٣١٣)، تەبەرانی لە (المعجم الكبير: ٥٩٧٢) (٦/ ١٩٣)، بەیهەقی لە (شُعَبُ الإيمان: ١٠٠٤٣)، ئەبو نوعەیم لە (الحلية: ٧/ ١٣٦)، قوزاعی لە (مسند الشهاب: ٦٤٣)، بەغەوی لە (شرح السنة: ٤٠٣٧) ڕیوایەتیان کردووە. زانایان لەسەر حوکمی ئەم فەرموودەیە ڕاجیاوازن؛ هەندێکیان بە سەحیح یان حەسەنیان داناوە (وەک چۆن شێخ ئەلبانی لە سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩٤٤ بە سەحیحی داناوە)، وە هەندێکی تریان بە زەعیفیان داناوە.

ئەنجامی بدەم، خوای گەورە خۆشی بوێم، وە خەڵکیش خۆشیان بوێم. فەرمووی: "دنیانەویست بە (زوهد لە دونیادا بکە)، خوای گەورە خۆشی دەوێیت، وە چاوت لەوە نەبێت کە بەدەست خەڵکییەوەیە، خەڵکیش خۆشیان دەوێیت".

## فەرموودەی سیی و دووەم

## نە زیانت پێبگاو نە زیان بگەیەنە

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ سَعْدِ بْنِ مَالِكِ بْنِ سِنَانٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ:

**"لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ"** (١).

لە ئەبو سەعید؛ سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی خودرییەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "نە زیان گەیاندن (بە خەڵکی) هەیە، وە نە زیان بە زیان وەڵامدانەوە هەیە"

---

(١) ئەم فەرموودەیە لە چەندین ڕێگەوە گێڕدراوەتەوە، لەوانە ڕیوایەتی: عوبادەی کوڕی سامیت (ئەحمەد: ٢٢٧٧٨، ئیبنو ماجە: ٢٣٤٠)، ئیبنو عەبباس (ئەحمەد: ٢٨٦٥، ئیبنو ماجە: ٢٣٤١، تەبەرانی لە الكبير: ١١٨٠٦ و الأوسط: ٣٧٧٧)، ئەبو سەعیدی خودری (حاکم: ٢٣٤٥، دارەقوتنی: ٣٠٧٩)، ئەبو هورەیرە (دارەقوتنی: ٤٥٤٢)، جابری کوڕی عەبدوڵڵا (تەبەرانی لە الأوسط: ٥١٩٣)، عائیشە (تەبەرانی لە الأوسط: ٢٦٨، دارەقوتنی: ٤٥٣٩)، سەعلەبەی کوڕی ئەبو مالیک (تەبەرانی لە الكبير: ١٣٨٧)، و ئەبو لوبابە (ئەبو داود لە المراسيل: ٤٠٧). هەروەها ئیمامی مالیک لە (الموطأ: ١٢٣٤) بە مورسەلی گێڕاویەتیەوە و سەنەدەکەی سەحیحە. زۆرینەی زانایان قبووڵیان کردووە و بەڵگەیان پێ هێناوەتەوە.

## فەرموودەی سی و سێیەم

## بەڵگە لەسەر داواخوازە و سوێندیش لەسەر بەرامبەری

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: **"لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لَادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُمْ، لَكِنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ"**.(١)

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئەگەر تەنها بەپێی داواکارییەکانیان (بەبێ بەڵگە) ماف بدرێت بە خەڵکی، ئەوا پیاوانێک داوای ماڵ و خوێنی کەسانێکی تر دەکەن، بەڵام سەلماندنی ماف و بەڵگەهێنانەوە لەسەر داواکارە، وە سوێندخواردنیش لەسەر ئەو کەسەیە کە نکوڵی دەکات (داوالێکراوە).

(١) بنەما و ئەسڵی ئەم فەرموودەیە لە (البخاري: ٤٥٥٢) و (مسلم: ١٧١١)دا هاتووە بەم لەفزە: (لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لَادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالَهُمْ، وَلَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ). بەڵام بەم دەقە تەواوەی کە ئیمامی نەوەوی هێناویەتی (الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ)، ئیمامی بەیهەقی لە (السنن الكبرى: ٢١٢٠١)، تیرمزی (١٣٤١)، ئەبو داود (٣٦١٩)، ئیبنو ماجە (٢٣٢١) ڕیوایەتیان کردووە.

فەرموودەی سی و چوارەم

## دەست و زمان و دڵ؛ چەکی باوەڕدارن دژ بە خراپە

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: "**مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ**". [(١)].

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: "هەر یەکێک لە ئێوە خراپەیەکی بینی، با بە دەستی بیگۆڕێت، خۆ ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو، با بە زمانی ڕێگری لێ بکات (و قسەی حەقی لەسەر بکات)، خۆ ئەگەر هەر نەیتوانی، ئەوا با بە دڵی پێی ناخۆش بێت و ڕەتی بکاتەوە، وە ئەوەش لاوازترین پلەی ئیمانە."

---

(١) ئیمامی موسلیم لە سەحیحەکەیدا (٤٩) ڕیوایەتی کردووە، ئەبو داود (١١٤٠)، تیرمزی (٢١٧٢)، و نەسائی (٥٠٠٨)، ئیبنو ماجە (٤٠١٣)، ئەحمەد (١١٤٦٠)، ئیبنو حیببان لە سەحیحەکەیدا (٣٠٧)، بەیهەقی لە سونەنەکەیدا (١١٥١٣)، هەروەها زانایانی تریش ڕیوایەتیان کردووە.

## مافی برایەتی دینی

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**لَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَنَاجَشُوا، وَلَا تبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إخْوَانًا، الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَكْذِبُهُ، وَلَا يَحْقِرُهُ، التَّقْوَى هَاهُنَا، وَيُشِيرُ إلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ**"(١).

---

(١) ئیمامی نەوەوی ئەم فەرموودەیەی داوەتە پاڵ ئیمامی موسلیم، کە بەم دەقە تەواوەوە لە سەحیحەکەیدا (٢٥٦٤) ڕیوایەتی کردووە. هەروەها ئیمامی بوخاریش بەشێکی زۆری دەقەکەی بە لەفزی نزیک لەمە لە سەحیحەکەیدا (٦٠٦٦) هێناوە. سەرباری ئەوەش، لە چەندین سەرچاوەی تری سوننەتدا ڕیوایەت کراوە، لەوانە: ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (٧٧٢٧)، ئەبو داود (٤٨٨٢)، تیرمزی (١٩٢٧)، ئیبنو ماجە (٣٩٣٣)، هەروەها ئیبنو حیببان (٥٦٨٩).

پێشەوا ئیبنو ڕەجەبی حەنبەلی دەربارەی ئەم دەقە مەزنە لە (جامع العلوم والحكم: ٢/ ٢٦٠)دا دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە کۆکەرەوەی سەرجەم ئادابەکانی ئیسلام و ڕەوشتە بەرزەکانە، و بنەمایەکی گەورەیە بۆ هەڵسوکەوتی

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "ئیرەیی و حەسودی بە یەکتر مەبەن، وە نرخ لەسەر یەکتر بەرز مەکەنەوە (بۆ فێڵکردن)، وە ڕقتان لە یەکتر نەبێت، وە پشت لە یەکتر مەکەن، وە مامەڵە بەسەر مامەڵەی یەکتردا مەکەن، ببە بەندەی خواو لەپێناو ئەو ببنە برای یەکتری. موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکات، وە پشتی بەرنادات (لە کاتی تەنگانەدا)، وە درۆی لەگەڵ ناکات، وە بە سووکی سەیری ناکات. تەقوا لێرەدایە "لەگەڵ ووتنی ئەم فەرمایشتەیدا" سێ جار ئاماژەی بۆ دڵی پاکی خۆی کرد، مرۆڤ ئەوەندەی خراپە بەسە کە بە سووکی سەیری برا موسڵمانەکەی بکات. هەموو موسڵمانێک لەسەر موسڵمان حەرامە: خوێنی، وە ماڵی، وە ئابڕووی".

---

نێـوان موسـڵمانان و پاراسـتنی مافەکانیـان و پـاککردنەوەی دڵەکانیـان لە هەر دەرد و نەخۆشییەک).

## دڵنەواییکردنی براکانت

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا، نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ، يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِماً، سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ، وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا، سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ، وَيَتَدَارَسُونَهُ فِيمَا بَيْنَهُمْ؛ إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ، لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ**" (١).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "هەر کەسێک خەم و پەژارەیەکی ئەم دونیایە لە

(١) ئیمامی موسلیم (٢٦٩٩)، ئەبو داود (٤٩٤٦)، تیرمزی (١٤٢٥ – ١٩٣٠-٢٩٤٥)، ئیبنو ماجە (٢٢٥)، هەروەها ئەحمەد (٢/ ٢٥٢ - یان ژمارە ٧٨٩٤).

کۆڵی باوەڕدارێک بکاتەوە، خوای گەورە خەمێکی لە خەمە قورسەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر لادەبات. وە هەر کەسێک کارئاسانی بۆ قەرزدارێکی لێقەوماو بکات، خوای گەورە لە دونیا و قیامەتدا کارئاسانی بۆ دەکات. وە هەر کەسێک عەیبەی موسڵمانێک دابپۆشێت، خوای گەورە لە دونیا و قیامەتدا عەیبەی دادەپۆشێت. وە خوای گەورە بەردەوام لە هاوکاریی بەندەکەیدایە، مادام ئەو بەندەیە لە خەمی هاوکاریکردنی براکەیدا بێت. وە هەر کەسێک ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ ئەوەی تێیدا زانستێک بەدەست بهێنێت، خوای گەورە بەهۆیەوە ڕێگەی بەرەو بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات. وە هیچ کۆمەڵە کەسێک لە ماڵێک لە ماڵەکانی خوای گەورەدا (مزگەوتەکان) کۆنابنەوە بۆ خوێندنەوەی پەڕتووکەکەی خوا و لێکۆڵینەوە و فێربوونی لە نێوان خۆیاندا؛ مەگەر ئەوەی ئارامییان بەسەردا دادەبەزێت، ڕەحمەت و بەزەیی خوا دایاندەپۆشێت، فریشتەکان دەوریان دەدەن، وە خوای گەورەش لای ئەو (فریشتانەی) کە لای خۆین بە چاکە باسیان دەکات. وە هەر کەسێک کردەوەکانی خاوی بکەنەوە و دواى بخەن، ئەوا بنەماڵە و ڕەچەڵەکەکەی ناتوانن خێرای بکەن و بیگەیەننە مەنزڵ".

فەرموودەی سیی و حەوتەم

## هەر نیازی چاکەت هەبێت پاداشت وەردەگریت

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِيمَا يَرْوِيهِ عَنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، قَالَ: "**إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ، ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ، فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ، وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً**" [١].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە پەروەردگارییەوە (تَبَارَكَ وَتَعَالَى) دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "بەڕاستی خوای گەورە چاکە و خراپەکانی نووسیوە، پاشان ئەوەی ڕوون کردووەتەوە: جا هەرکەسێک نیازی چاکەیەکی هەبێت و

(١) ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا (٦٤٩١)، موسلیم لە سەحیحەکەیدا (١٣١) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەنجامی نەدات، خوای گەورە لەلای خۆی وەک چاکەیەکی تەواو بۆی دەنووسێت. خۆ ئەگەر نیازی هەبێت و ئەنجامیشی بدات، ئەوا خوای گەورە لەلای خۆی ، دە تا حەوت سەد قات و هێندەی بیەوێت چاکەی زیاتری بۆ هەژماردەکات. وە ئەگەر نیازی خراپەیەکی هەبێت و ئەنجامی نەدات، خوای گەورە لەلای خۆی وەک چاکەیەکی تەواو بۆی تۆماردەکات. وە ئەگەر نیازی هەبێت و ئەنجامیشی بدات، ئەوا خوای گەورە تەنها یەک خراپەی لەسەر دەنووسێت.

## ڕێگەی گەیشتن بە خۆشەویستی

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ: "**مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقْد آذَنْتهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ**"[1].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموێت: "هەرکەسێک دژایەتیی دۆستێکی من (وەلییەکی من) بکات، ئەوا بەڕاستی من جەنگم لە دژی ڕاگەیاندووە، وە بەندەکەم بە هیچ شتێک لێم نزیک نەبووەتەوە کە هێندەی

(١) ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا (٦٥٠٢) ڕیوایەتی کردووە، بەیهەقی لە (السنن الكبرى: ٢٠٨٣٥)، بەغەوی لە (شرح السنة: ١٢٤٨)، هەروەها ئیبنو حیببان لە سەحیحەکەیدا (٣٤٧) بە لەفزی نزیک لێیەوە ڕیوایەتیان کردووە.

ئەو شتانە لام خۆشەویست بێت کە لەسەریم فەرز کردووە، وە بەندەکەم بەردەوام بەهۆی سوننەتەکانەوە لێم نزیک دەبێتەوە تاوەکو خۆشم دەوێت؛ جا ئەگەر خۆشم ویست، دەبمە ئەو گوێیەی کە پێی دەبیستێت، و دەبمە ئەو بینایيەی کە پێی دەبینێت، و دەبمە ئەو دەستەی کە پێی دەوەشێنێت، و دەبمە ئەو قاچەی کە پێی هەنگاو دەنێت (واتە: بیستن و بینین و ئاراستەکردنی دەست و پێی لەژێر چاودێری و ڕەزامەندیی مندا دەبێت). وە ئەگەر داوای هەر شتێکم لێ بکات پێی دەبەخشم، ئەگەر هانام بۆ بهێنێت پەنایدەدەم و لەخۆمی دەگرم ".[1]

[1] لە دەقە ڕەسەنەکەی سەحیحی بوخاریدا، ئەم فەرموودەیە لە کۆتاییدا ئەم بڕگەیەی تێدا هاتووە: (**وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ، يَكْرَهُ الْمَوْتَ، وَ أَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ**). واتە: (وە لە ئەنجامدانی هیچ کارێکدا کە دەیکەم ڕاڕا نەبوومە وەک ئەو ڕاڕاییەی کە هەمە لە کێشانی ڕۆحی بەندەی باوەڕدارم؛ کە مەرگی پێ ناخۆشە، وە منیش پێم ناخۆشە ئازاری بدەم). بەڵام ئیمامی نەوەوی لێرەدا فەرموودەکەی کورت کردووەتەوە و ئەو بڕگەیەی نەهێناوە، چونکە مەبەستی سەرەکی لەم جێگەیەدا باسکردنی پلەی وەلی و نزیکبوونەوەی بەندەیە لە خوای گەورە.

## فراوانیی ڕەحمەتی خوا؛ لێخۆشبوون لە هەڵە و لەبیرچوون

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: "**إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ**". (١).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "بەڕاستی خوای گەورە، چاوپۆشیی بۆم لە ئوممەتەکەم کردووە لەو هەڵە و سەرپێچییانەی کە بەبێ مەبەست، یان بەهۆی لەبیرچوونەوە، یان لەژێر فشار و زۆرپێکردندا ئەنجامیان داوە".

---

(١) ئەم فەرموودەیە لە چەندین سەرچاوەی گرنگدا ڕیوایەت کراوە، لەوانە: ئیمامی ئیبنو ماجە (٢٠٤٥ و ٢٠٤٣)، و ئیبنو حیببان لە سەحیحەکەیدا (٧٢١٩)، و تەبەرانی لە (المعجم الكبير: ١١٢٧٤ و ١٤٣٠) و (المعجم الأوسط: ٨٢٧٦)، و دارەقوتنی (٤/ ١٧٠)، و حاکم لە (المستدرك: ٢٨٠١)، و بەیهەقی لە (السنن الكبرى: ١٥٠٩٤)، و ئیبنو عەدی لە (الكامل: ٣/ ٢١١ و ٤/ ٣٤٦ و ٢/ ٣٩٠)، و عەبدولڕەزاق (٦/ ٤٠٩ و ١١٤١٧)، و سەعیدی کوڕی مەنسوور (١١٤٥). وە شێخ ئەلبانی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە (إرواء الغليل: ٨٢)دا دەفەرموێت: (ڕواڵەتی سەنەدەکەی سەحیحە).

## تۆ لێرە غەریبەو ڕێبواریت

عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِمَنْكِبِي، وَقَالَ: "**كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّك غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ**". وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) يَقُولُ: إذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِك لِمَرَضِك، وَمِنْ حَيَاتِك لِمَوْتِك [(١)].

له عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شانی گرتم و فەرمووی: "لە دونیادا وەکو کەسێکی غەریبە، یان وەکو ڕێبوارێك بە". وە ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: "ئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات، چاوەڕێی بەیانی مەکە، وە ئەگەر بەیانیت بەسەردا هات، چاوەڕێی ئێوارە مەکە، وە لە ساغیدا توێشوو هەڵگرە بۆ کاتی نەخۆشیت، وە ژیانیشت بکە بە کێڵگەیەک بۆ دوای مردنت"

---

(١)بوخاری (٦٤١٦) هەروەها: تیرمزی (٢٣٣٣)، ئیبنو ماجە (٤١١٤)، ئەحمەد (٤٧٦٤)، و ئیبنو حیببان لە سەحیحەکەیدا (٦٩٨)، تەبەرانی لە (المعجم الكبير: ١٣٤٧٠)، و بەیهەقی لە (السنن الكبرى: ٦٥١٢)، هەروەها نەسائی لە (السنن الكبرى: ١١٨٠٣) ڕیوایەتیان کردووە.

## فەرموودەی چل و یەکەم

## با حەزەکانت بە پێی ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا بێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا)، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): "**لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْتُ بِهِ**". [1].

---

(١)ئەم فەرموودەیە لە چەندین سەرچاوەدا ڕیوایەت کراوە، لەوانە: بەیهەقی لە (المدخل: ٢٠٩)، ئیبنو ئەبی عاصم لە (السنة: ١٥)، ئیبنو بەتتە لە (الإبانة: ٢٧٩ و ٢٩١)، ئیبنولجەوزی لە (ذم الهوى: ل/٢٢)، بەغەوی لە (شرح السنة: ١/ ٢١٢ و ١٠٤)، حەسەنی کوڕی سوفیان لە (الأربعين: ٦٥) وە ئەبو تاهیری سیلەفی لە (الأربعين البلدانية: ١٧٧).

دەربارەی حوکمەکەی، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: (حەسەن و سەحیحە، لە پەڕتووکی "الحجة" بە سەنەدێکی سەحیح گێڕاومانەتەوە)، کە مەبەستی لە پەڕتووکەکەی (ئەبولفەتح نەسری مەقدیسی)یە. بەڵام زانایانی تر پێچەوانەی ئەمەیان وتووە؛ پێشەوا ئیبنو ڕەجەبی حەنبەلی لە (جامع العلوم والحكم)دا دوای هێنانەوەی قەوڵی نەوەوی دەفەرموێت: بە سەحیحدانانی ئەم فەرموودەیە لە زۆر ڕووەوە زۆر دوورە، پاشان سێ هۆکاری زەعیفبوونی هێناوەتەوە.

وەک لە لێکۆڵینەوە وردەکاندا دەردەکەوێت، سەرجەم ڕێگاکانی ئەم فەرموودەیە دەچنەوە سەر (نوعەیمی کوڕی حەمماد)، کە زانایان سێ کێشە (عیللە)ی گەورەیان لە سەنەدەکەیدا دەستنیشان کردووە: یەکەم: لاوازیی (نوعەیمی

لە ئەبو محەممەد؛ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: "باوەڕی هیچ یەکێکتان تەواو نابێت، هەتاوەکو ئارەزووەکانی نەکاتە شوێنکەوتەی ئەوەی کە من هێناومە (کە ئیسلامە)".

---

کوڕی حەممـاد) لە لەبەرکـردن و گـێڕانەوەی فەرمـوودەدا، کە هەرچەنـدە پێشـەوایەکی گەورەی سـوننەت بـووە، بەڵام زانایانی وەک نەسائی و ئەبو داود و سـاڵحی کوڕی محەممەدیـان لە ڕووی فەرمـوودەوە بە زەعیفیـان دانـاوە. دووەم: بـوونی شـێواوی و نـاجێگیری (اضـطراب) لە سـەنەدەکەیدا لەسـەر نـوعەیم. سێیەم: نەناسـراوی (جهالـة)ی یەکێـک لە ڕاوییەکان بە نـاوی (عـوقبەی کـوڕی ئەوس) کە ئیبنـو عەبـدولبەڕ بە مەجهـولی دانـاوە، و هەروەهـا بـوونی پچـڕان (انقطاع) لە نێوان ئەو و عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا بەپێی وتەی غەللابی.
لەلایەکی ترەوە حافزی ئیبنو حەجەر لە (فتح الباري: ١٣/ ٢٨٩)دا ئاماژەی بەوە کـردووە کە پیـاوانی سـەنەدەکە جـێگەی متمـانەن (رجالـە ثقـات)، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ سەحیحبوونی فەرموودەکە، چونکە دەشێت پچڕانی تێدا بێت کە ڕیـوایەتەکە زەعیـف دەکـات. لە سـەردەمی هاوچەرخیشـدا ئەم ڕاجیـاوازییە مـاوەتەوە؛ شـێخ ئیبنـو بـاز بەڵـگەی پـێ هێنـاوەتەوە، لە کاتێکـدا شـێخ ئیبنـو عوسـەیمین، و شـێخ ئەلبـانی لە (تخـریج مشـکاة المصـابیح: ١٦٧) و هەروەهـا لە تەحقیقـی (کتـاب السـنة)دا، بۆچـوونی پەسـەند (الـراجح) لایـان ئەوەیە کە فەرموودەکە زەعیفە.

## فەرموودەی چل و دووەم

### ئەگەر تۆ بێی، منیش بە لێخۆشبوونەوە بۆلات دێمەوە

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: "**يَا ابْنَ آدَمَ! إِنَّكَ مَا دَعَوْتنِي وَرَجَوْتنِي غَفَرْتُ لَك عَلَى مَا كَانَ مِنْك وَلَا أُبَالِي، يَا ابْنَ آدَمَ! لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُك عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتنِي غَفَرْتُ لَك، يَا ابْنَ آدَمَ! إنَّك لَوْ أَتَيْتنِي بِقُرَابِ الْأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتنِي لَا تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لَأَتَيْتُك بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً**". [١].

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: خوای گەورە دەفەرموێت: "ئەی نەوەی ئادەم! بەڕاستی تۆ تاوەکو لێم بپاڕێیتەوەو ئومێدت پێم بێت، ئەوا من لەو تاوانانەت خۆش دەبم کە لێت ڕوویان داوەو گوێی پێ

(١) ترمذی (٣٤٩١) دەشفەرموێ: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ)، طەبەرانی لە: (الأوسط/ ٤٤٣٧). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە: (صحيح سنن الترمذی (٣٥٤٠)و لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٢٧) و لە: (الروض النضير/ ٤٣٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

نادەم. ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر تاوانەکانت کەڵەکە ببن و بگەنە ئاستی ئاسمان و پاشان داوای لێخۆشبوونم لێ بکەیت، لێت خۆش دەبم. ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر بەئەندازەی پانتایی سەرزەوی تاوان و سەرپێچیت هێنابێت و بێیتەوە لام، بەڵام کاتێک پێم دەگەیت هیچ هاوەڵێکت بۆ بڕیار نەدابم، ئەوا منیش بەهێندەی پانتایی سەرزەوی بە لێخۆشبوونەوە بەرەو لات دێمەوە.

## دێڕەکانی کۆتایی بە قەڵەمی ئیمامی نەوەوی

ئەمە دوا وێستگەی ئەو مەبەستە بوو لە ڕوونکردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە بنەماکانی ئیسلامیان لەخۆ گرتووە، لە چەندین جۆری بێشومار لە زانستەکانی بنەما و لقەکان،وە ئاداب و سەرجەم ڕووەکانی ئەحکام.

وا لێرەشدا دەروازەیەکی یەکجار پوخت دەخەمە ڕوو بۆ ڕێکخستنی وشەکانی بە ڕیزبەندییەکی ورد؛ نەوەک لە هیچ کامیاندا هەڵە بکرێت، وە تاوەکو لەبەرکاری ئەم فەرموودانە بێپێویست بێت لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی تر لە ڕاستکردنەوەیاندا. پاشانیش -ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت- لە پەڕتووکێکی سەربەخۆدا دەست دەکەم بە شەرحکردنیان، وە ئومێدم بە فەزڵی خوای گەورە هەیە تێیدا سەرفرازم بکات بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە گرنگەکان لە وردەکارییەکان و کۆمەڵێک لە سوود و مەعریفەتەکان، کە هیچ موسڵمانێک بێپێویست نییە لە زانینیان. وە تا بۆ خوێنەرەکەی دەربکەوێت کە سەنگ و ڕەسەنایەتیی ئەم فەرموودانە و گەورەیی فەزڵیان چەندە، و چییان لەو گەنجینانە لەخۆ گرتووە کە باسم کردن، لەگەڵ ئەو خاڵە گرنگانەی کە وەسفم کردن، وە تا بەهۆیەوە ئەو حیکمەتە بزانرێت کە لە هەڵبژاردنی ئەم چل فەرموودەیەدا هەیەو ئەوەش کە بەڕاستی شایستەی ئەو پێگەیەن لای ئەهلی سەرنج و ڕامان.

وە تەنها لەبەر ئەوە (شەرحەکەم) لەم بەشە جیا کردەوە، تا لەبەرکردنی ئەم بەشە بەتەنیا ئاسان بێت، ئیتر پاشان هەرکەسێک ویستی شەرحەکەشی بخاتە پاڵ.. با بیکات، وە فەزڵ و نیعمەتی خوایشی لەسەرە بەوە، چونکە ئاشنا دەبێت بە گەنجینەی ئەو وردەکارییانەی کە هەڵێنجراون لە فەرمایشتەکانی زاتێک کە خوای گەورە لە ستایشیدا دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى *

إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴾. وە حەمد و نیعمەت تەنها بۆ خوایە لە سەرەتا و لە کۆتاییدا، لە نهێنی و ئاشکرادا لەسەر تەواوی نیعمەتەکانی.

نووسەری بەڕێز دەفەرموێت: لە شەوی پێنجشەممە، بیست و نۆیەمی مانگی (جمادی الأولی)ی، ساڵی شەشسەدو شەست و هەشت (٦٦٨ی کۆچی) لە نووسینی ئەم پەڕتووکە بوومەوە. خوای گەورەش زاناترە. وە درود و سەلام و بەرەکەتی خوا لەسەر پێغەمبەرمان محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئال و هاوەڵانی بێت".

***

(ئێمەش لەسەر نەهجی ئیمامی بەڕێز (٣٤٢) وشەمان لەم فەرموودانە هەڵبژارد و فەرهەنگێکی بچووکمان لێی دروست کردووە، و لەدوای ئەم پاشەکییە دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەرانی بەڕێز.

لە خوای میهرەبان دەپاڕێمەوە ئەم کارەمان لێ قبووڵ بفەرموێت، و بیکاتە مایەی خێری نەبڕاوەی دواڕۆژ بۆخۆمان و مامۆستاو قوتابیانمان و سەرجەم خوێنەرانی ئازیز.

بێگومان هەر خاڵێکی گەش و جوانییەک لەم پەڕتووکەدا هەبێت لە فەزڵی پەروەردگارەوەیە، و هەر کەموکوڕی و هەڵەیەکیش هەبێت، لە کەمتەرخەمیی خۆمەوەیە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

"وەرگێڕ")

# فەرهەنگۆکی ئەربەعون

| ژ. | وشەکان | واتا کوردییەکەی |
|---|---|---|
| ١ | سَمِعْتُ | گوێم لێبوو، بیستم |
| ٢ | يَقُولُ | دەیفەرموو |
| ٣ | الْأَعْمَالُ | کارەکان، کردەوەکان |
| ٤ | النِّيَّاتِ، النية | نیازەکان، مەبەستەکان |
| ٥ | امْرِئٍ | مرۆڤێک، کەسێک |
| ٦ | هِجْرَت | کۆچکردن |
| ٧ | يُصِيبُ | دەستی دەکەوێت |
| ٨ | امْرَأَةٍ | ئافرەتێک |
| ٩ | يَنْكِحُهَا | مارەی دەکات |
| ١٠ | قَالَ | وتی، فەرمووی |
| ١١ | جُلُوسٌ | دانیشتبووین |
| ١٢ | طَلَعَ | دەرکەوت |
| ١٣ | رَجُلٌ | پیاوێک |
| ١٤ | شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَاب | جلی زۆر سپی |
| ١٥ | شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعْر | قژی زۆر ڕەش |
| ١٦ | لَا يُرَى | نەدەبینرا |
| ١٧ | أَثَرُ | شوێنەوار، پاشماوە |
| ١٨ | لَا يَعْرِفُهُ | نەیدەناسی |
| ١٩ | جَلَسَ | دانیشت |
| ٢٠ | فَأَسْنَدَ | جا پاڵی دا، خستیە سەر |
| ٢١ | رُكْبَتَيْهِ | هەردوو ئەژنۆی |
| ٢٢ | وَضَعَ | داینا |
| ٢٣ | كَفَّيْهِ | هەردوو لەپی دەستی |
| ٢٤ | فَخْذَيْهِ | هەردوو ڕانی |
| ٢٥ | أَخْبِرْنِي | هەواڵم پێ بدە، پێم بڵێ |
| ٢٦ | تَشْهَدَ | شایەتی بدەیت |
| ٢٧ | تُقِيمَ | جێبەجێی بکەیت، رایبگریت (نوێژ) |
| ٢٨ | الصَّلَاة | نوێژ |
| ٢٩ | تُؤْتِيَ | بیدەیت (زەکات) |
| ٣٠ | تَصُومَ | بەڕۆژوو بیت |
| ٣١ | إِنْ اسْتَطَعْتَ | ئەگەر توانات هەبوو |
| ٣٢ | صَدَقْت | ڕاستت فەرموو |
| ٣٣ | فَعَجِبْنَا | سەرمان سوڕما |
| ٣٤ | يَسْأَلُهُ | پرسیاری لێ دەکات |
| ٣٥ | يُصَدِّقُهُ | بەڕاستی دەخاتەوە |
| ٣٦ | الْإِيمَانِ | باوەڕ، ئیمان |
| ٣٧ | الْإِحْسَانِ | چاکەکاری |
| ٣٨ | تَعْبُدَ اللَّهَ | خوا بپەرستیت |
| ٣٩ | تَرَاهُ | دەیبینیت |
| ٤٠ | يَرَاك | دەتبینێت، چاودێریت دەکات |
| ٤١ | السَّاعَةِ | ڕۆژی دوایی، |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٢ | الْمَسْئُول | پرسیارلێکراو، بەرپرس |
| ٤٣ | السَّائِلِ | پرسیارکار |
| ٤٤ | أَمَارَاتِهَا | نیشانەکانی |
| ٤٥ | تَلِدَ | منداڵی دەبێت، دەیزێت |
| ٤٦ | الْأَمَةُ | کەنیزەک (کۆیلەی مێ) |
| ٤٧ | رَبَّتَهَا | گەورەکەی، خاوەنەکەی |
| ٤٨ | الْحُفَاةَ | پێخاوسەکان |
| ٤٩ | الْعُرَاةَ | ڕووتەکان، بێ بەرگەکان |
| ٥٠ | رِعَاءَ الشَّاءِ | شوانکارەی مەڕوماڵات |
| ٥١ | يَتَطَاوَلُونَ | پێشبڕکێ دەکەن لە بەرزی |
| ٥٢ | الْبُنْيَانِ | باڵەخانە، بینا |
| ٥٣ | انْطَلَقَ | ڕۆیشت |
| ٥٤ | فَلَبِثْنَا | ماینەوە |
| ٥٥ | مَلِيًّا | ماوەیەکی زۆر |
| ٥٦ | أَتَدْرِي | دەزانیت؟ |
| ٥٧ | أَعْلَم | زاناترە |
| ٥٨ | أَتَاكُمْ | هاتە لاتان |
| ٥٩ | يُعَلِّمُكُمْ | فێرتان دەکات |
| ٦٠ | بُنِيَ | بنیات نراوە |
| ٦١ | عَلَى خَمْس | لەسەر پێنج (کۆڵەکە) |
| ٦٢ | إِلَه | پەرستراو |
| ٦٣ | رَسُولُ اللَّه | پێغەمبەری خوا |
| ٦٤ | يُجْمَعُ | کۆدەکرێتەوە |
| ٦٥ | خَلْقُهُ | دروستبوونەکەی |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٦ | بَطْنِ أُمِّهِ | سکی دایکی |
| ٦٧ | أَرْبَعِينَ يَوْمًا | چل ڕۆژ |
| ٦٨ | نُطْفَةً | دڵۆپە ئاوێک، نوتفە |
| ٦٩ | عَلَقَة | خوێنی مەیوو |
| ٧٠ | مُضْغَةً | پارچە گۆشتێک |
| ٧١ | يُرْسَلُ إِلَيْهِ | بۆی دەنێردرێت |
| ٧٢ | فَيَنْفُخُ | جا پێیدا دەکات |
| ٧٣ | رُوحَ | ڕۆح، گیان |
| ٧٤ | يُؤْمَرُ | فەرمان دەکرێت |
| ٧٥ | كَلِمَاتٍ | وشەکان، بڕیارەکان |
| ٧٦ | بِكَتْبِ | بە نووسینی |
| ٧٧ | أَجَلِهِ | تەمەنی، کاتی مردنی |
| ٧٨ | وَشَقِيٌّ | بەدبەخت |
| ٧٩ | سَعِيدٍ | بەختەوەر |
| ٨٠ | غَيْرُهُ | جگە لەو |
| ٨١ | لَيَعْمَلُ | بەڕاستی کار دەکات |
| ٨٢ | أَهْلِ الْجَنَّةِ | ئەهلی بەهەشت |
| ٨٣ | ذِرَاعٌ | باڵێک، گەزێک (مەودایەک) |
| ٨٤ | فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ | جا پێشی دەکەوێت |
| ٨٥ | الْكِتَابُ | قەدەر و نووسراوەکە |
| ٨٦ | أَهْلِ النَّارِ | ئەهلی دۆزەخ |
| ٨٧ | فَيَدْخُلُهَا | جا دەچێتە ناوییەوە |
| ٨٨ | أَحْدَثَ | دابهێنێت |
| ٨٩ | أَمْرِنَا | کارەکەی ئێمە، |

| | | |
|---|---|---|
| | | (دینه‌که‌مان) |
| ٩٠ | لَيْسَ مِنْهُ | لێی نه‌بێت |
| ٩١ | رَدٌّ | ڕه‌تکراوه‌یه |
| ٩٢ | عَمِلَ عَمَلًا | کارێک بکات |
| ٩٣ | أَمْرُنَا | فه‌رمانی ئێمه |
| ٩٤ | بَيِّنٌ | ڕوون و ئاشکرایه |
| ٩٥ | مُشْتَبِهَاتٌ | گومانلێکراوه‌کان |
| ٩٦ | النَّاسِ | خه‌ڵکی |
| ٩٧ | الشُّبُهَاتِ | شته گوماناوییه‌کان |
| ٩٨ | اسْتَبْرَأَ | ئه‌ستۆپاکی، خۆی پاراستووه |
| ٩٩ | عِرْض | ئابڕوو |
| ١٠٠ | وَقَعَ | که‌وته ناو |
| ١٠١ | الرَّاعِي | شوان |
| ١٠٢ | حَوْلَ | ده‌وروبه‌ری |
| ١٠٣ | الْحِمَى | قه‌ده‌غه‌کراو (له‌وه‌ڕگای تایبه‌ت) |
| ١٠٤ | يُوشِكُ | خه‌ریکه، نزیکه |
| ١٠٥ | يَرْتَعَ فِيهِ | تێیدا بله‌وه‌ڕێت |
| ١٠٦ | مَحَارِم | حه‌رامکراوه‌کان |
| ١٠٧ | الْجَسَدِ | لاشه، جه‌سته |
| ١٠٨ | صَلَحَ | چاک بوو |
| ١٠٩ | فَسَدَ | تێکچوو |
| ١١٠ | الْقَلْبُ | دڵ |
| ١١١ | الدِّين | ئایین، دین، به‌رنامه‌ی ژیان |
| ١١٢ | النَّصِيحَةُ | ئامۆژگاری، دڵسۆزی |
| ١١٣ | أَئِمَّةِ | پێشه‌وایان |
| ١١٤ | وَعَامَّتِهِمْ | وه خه‌ڵکه |
| | وَعَامَّتِهِمْ | ئاساییه‌که‌یان |
| ١١٥ | أُمِرْتُ | فه‌رمانم پێکراوه |
| ١١٦ | أُقَاتِلَ | جه‌نگ بکه‌م |
| ١١٧ | إِذَا فَعَلُوا | ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌یان کرد |
| ١١٨ | عَصَمُوا | پاراستیان |
| ١١٩ | دِمَاءَهُمْ | خوێنیان |
| ١٢٠ | أَمْوَالَهُمْ | ماڵ و سامانیان |
| ١٢١ | حِسَابُهُمْ | لێپرسینه‌وه‌یان |
| ١٢٢ | بِحَقِّ الْإِسْلَامِ | به مافی ئیسلام |
| ١٢٣ | نَهَيْتُكُمْ | قه‌ده‌غه‌م لێکردوون |
| ١٢٤ | فَاجْتَنِبُوهُ | لێی دوور بکه‌ونه‌وه |
| ١٢٥ | أَمَرْتُكُمْ | فه‌رمانم پێکردوون |
| ١٢٦ | مَا اسْتَطَعْتُمْ | به‌پێی تواناتان |
| ١٢٧ | أَهْلَكَ | له‌ناوی بردوون |
| ١٢٨ | قَبْلِكُمْ | پێش ئێوه |
| ١٢٩ | كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ | زۆریی پرسیاره‌کانیان |
| ١٣٠ | اخْتِلَافُهُمْ | ڕاجیاوازیان |
| ١٣١ | أَنْبِيَائِهِمْ | پێغه‌مبه‌ره‌کانیان |
| ١٣٢ | طَيِّب | پاک |
| ١٣٣ | لَا يَقْبَلُ | قبووڵی ناکات |
| ١٣٤ | يُطِيلُ السَّفَر | سه‌فه‌ر درێژ ده‌کاته‌وه |
| ١٣٥ | أَشْعَثَ | قژ بژ و ئاڵۆز |
| ١٣٦ | أَغْبَرَ | تۆزاوی |
| ١٣٧ | يَمُدُّ يَدَيْهِ | ده‌سته‌کانی به‌رز ده‌کاته‌وه |
| ١٣٨ | السَّمَاء | ئاسمان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٩ | مَطْعَمُهُ | خواردنەکەی |
| ١٤٠ | مَشْرَبُهُ | خواردنەوەکەی |
| ١٤١ | مَلْبَسُهُ | پۆشاکەکەی |
| ١٤٢ | غُذِّيَ | پێگۆشکراوە، پەروەردە کراوە |
| ١٤٣ | يُسْتَجَابُ | وەڵام دەدرێتەوە |
| ١٤٤ | حَفِظْتُ | لەبەرم کردووە، پاراستوومە |
| ١٤٥ | دَعْ | وازبهێنە، وازلێبهێنە |
| ١٤٦ | يُرِيبُكَ | گومانت لای دروست دەکات |
| ١٤٧ | حُسْنِ إِسْلَامِ | جوانیی ئیسلامیەتی |
| ١٤٨ | تَرْكُهُ | وازهێنانێتی |
| ١٤٩ | لَا يُؤْمِنُ | باوەڕی (تەواو) نییە |
| ١٥٠ | أَحَدُكُمْ | هیچ یەکێکتان |
| ١٥١ | يُحِبَّ | خۆشی بوێت |
| ١٥٢ | لِأَخِيهِ | بۆ براکەی |
| ١٥٣ | لِنَفْسِهِ | بۆ خۆی |
| ١٥٤ | لَا يَحِلُّ | حەڵاڵ نییە |
| ١٥٥ | امْرِئٍ مُسْلِمٍ | مرۆڤێکی موسڵمان |
| ١٥٦ | دَم | خوێن |
| ١٥٧ | الثَّيِّبُ | هاوسەردار (بێوەژن یان بێوەپیاو) |
| ١٥٨ | الزَّانِي | زیناکار |
| ١٥٩ | النَّفْسُ بِالنَّفْسِ | خوێن بەخوێن (لەتۆڵەی کوشتن) |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦٠ | التَّارِكُ | وازهێنەر |
| ١٦١ | الْمُفَارِقُ | جیابووەوە |
| ١٦٢ | جَمَاعَةِ | کۆمەڵگە، جەماعەت |
| ١٦٣ | مَنْ كَانَ يُؤْمِنِ | هەرکەسێک باوەڕی هەیە |
| ١٦٤ | فَلْيَقُلْ | با بڵێت |
| ١٦٥ | لِيَصْمُتْ | با بێدەنگ بێت |
| ١٦٦ | فَلْيُكْرِمْ | با ڕێز بگرێت |
| ١٦٧ | جَار | دراوسێ |
| ١٦٨ | ضَيْف | میوان |
| ١٦٩ | أَوْصِنِي | ئامۆژگاریم بکە، وەسێتم بۆ بکە |
| ١٧٠ | لَا تَغْضَبْ | تووڕە مەبە |
| ١٧١ | مِرَارًا | چەند جارێک |
| ١٧٢ | كَتَبَ | فەرزی کردووە، نووسیویەتی |
| ١٧٣ | كُلِّ شَيْءٍ | هەموو شتێک |
| ١٧٤ | قَتَلْتُمْ | کوشتتان (لە جەنگ یان تۆڵە) |
| ١٧٥ | ذَبَحْتُمْ | سەرتان بڕی |
| ١٧٦ | شَفْرَةَ | چەقۆکەی |
| ١٧٧ | يُرِحْ | ئاسوودەی بکات |
| ١٧٨ | اتَّقِ اللَّهَ | لە خوا بترسە (تەقوادار بە) |
| ١٧٩ | حَيْثُمَا | لە هەرکوێیەک بوویت |
| ١٨٠ | أَتْبِعْ | بەدوایدا بێنە |
| ١٨١ | السَّيِّئَةَ | خراپە |
| ١٨٢ | الْحَسَنَةَ | چاکە |
| ١٨٣ | تَمْحُهَا | دەیسڕێتەوە |
| ١٨٤ | خُلُقِ حَسَن | ڕەوشتێکی جوان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨٥ | خَلْفَ | لەپشت |
| ١٨٦ | يَا غُلَامِ | ڕۆڵە، ئەی مێردمنداڵ |
| ١٨٧ | أَعَلِّمُكَ | فێرت دەکەم |
| ١٨٨ | احْفَظْ | بیپارێزە |
| ١٨٩ | تُجَاهَكَ | لەپێش خۆتەوە، بەرامبەرت |
| ١٩٠ | الرَّخَاءِ | کاتی خۆشی و فراوانی |
| ١٩١ | الشِّدَّةِ | کاتی ناخۆشی و تەنگانە |
| ١٩٢ | النَّصْرَ | سەرکەوتن |
| ١٩٣ | الصَّبْرِ | ئارامگرتن |
| ١٩٤ | الْفَرَجَ | کرانەوە، ڕەوینەوەی خەم |
| ١٩٥ | الْكَرْبِ | ناخۆشی، دڵتەنگیی سەخت |
| ١٩٦ | الْعُسْرِ | قورسی، سەختی |
| ١٩٧ | الْيُسْرًا | ئاسانی |
| ١٩٨ | رُفِعَتِ | بەرزکرانەوە، هەڵگیران |
| ١٩٩ | الْأَقْلَامُ | قەڵەمەکان، پێنووسەکان |
| ٢٠٠ | جَفَّتِ | وشک بوونەوە |
| ٢٠١ | الصُّحُفُ | پەڕەکان، پەڕاوی قەدەر |
| ٢٠٢ | لَمْ تَسْتَحِ | شەرمت نەکرد |
| ٢٠٣ | فَاصْنَعْ | ئەنجامی بدە، بیکە |
| ٢٠٤ | شِئْتَ | ویستت، ئارەزووت لێیبوو |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٥ | آمَنْتُ | باوەڕم هێناوە |
| ٢٠٦ | اسْتَقِمْ | دامەزراو بە، ڕێکوپێک بە |
| ٢٠٧ | أَرَأَيْتَ | پێم بڵێ، هەواڵم بدەرێ |
| ٢٠٨ | الْمَكْتُوبَاتِ | نوێژە فەرزەکان |
| ٢٠٩ | أَحْلَلْتُ | بە حەڵاڵم زانی و کردم |
| ٢١٠ | حَرَّمْتُ | بە حەرامم زانی و دوورکەوتمەوە |
| ٢١١ | شَطْرُ | نیوە، بەشێک |
| ٢١٢ | الطُّهُورُ | پاکوخاوێنی |
| ٢١٣ | تَمْلَأُ | پڕی دەکاتەوە |
| ٢١٤ | حُجَّةٌ | بەڵگە |
| ٢١٥ | يَغْدُو | بەیانی زوو دەردەچێت |
| ٢١٦ | فَبَائِعٌ نَفْسَهُ | جا نەفسی خۆی دەفرۆشێت |
| ٢١٧ | فَمُعْتِقُهَا | جا ئازادی دەکات |
| ٢١٨ | مُوبِقُهَا | لەناوی دەبات |
| ٢١٩ | مُحَرَّمًا | حەرامکراو، قەدەغەکراو |
| ٢٢٠ | فَلَا تَظَالَمُوا | جا ستەم لە یەکتر مەکەن |
| ٢٢١ | الظُّلْمَ | ستەم، زوڵم |
| ٢٢٢ | ضَالٌّ | گومڕا، سەرلێشێواو |
| ٢٢٣ | هَدَيْتُهُ | ڕێنموویی کردووە، هیدایەتم داوە |
| ٢٢٤ | | |

| | | |
|---|---|---|
| | فَاسْتَهْدُونِي | جا داوای هیدایەتم لێ بکەن |
| ٢٢٥ | جَائِعٌ | برسی |
| ٢٢٦ | فَاسْتَطْعِمُونِي | جا داوای خواردنم لێ بکەن |
| ٢٢٧ | عَارٍ | ڕووت، بێ پۆشاک |
| ٢٢٨ | فَاسْتَكْسُونِي | جا داوای پۆشاکم لێ بکەن |
| ٢٢٩ | تُخْطِئُونَ | هەڵە دەکەن، تاوان دەکەن |
| ٢٣٠ | فَاسْتَغْفِرُونِي | جا داوای لێخۆشبوونم لێ بکەن |
| ٢٣١ | تَضُرُّونِي | زەرەرم پێ بگەیەنن، زیانم لێبدەن |
| ٢٣٢ | تَنْفَعُونِي | سوودم پێ بگەیەنن |
| ٢٣٣ | صَعِيدٍ وَاحِدٍ | جێگەیەك، گۆڕەپانێك، شوێنێك |
| ٢٣٤ | مِخْيَطُ | دەرزی |
| ٢٣٥ | نَقَصَ | کەمی کرد |
| ٢٣٦ | الدُّثُورِ | دەوڵەمەند، سامانە زۆرەکان، ماڵدارەکان |
| ٢٣٧ | بِالْأُجُورِ | بە پاداشتەکانەوە |
| ٢٣٨ | فُضُولِ | زیادەی (ماڵ و سامان) |
| ٢٣٩ | تَسْبِيحَةٍ | تەسبیحات کردن، (سُبْحَانَ اللَّهِ) وتن |
| ٢٤٠ | تَحْمِلُهُ | هەڵی بگریت |
| ٢٤١ | تَكْبِيرَةٍ | وتی: (الله أكبر) |
| ٢٤٢ | تَهْلِيلَةٍ | وتنی: (لا إله إلا الله) |
| ٢٤٣ | بُضْعِ | چوونە لای خێزان (جووتبوون) |
| ٢٤٤ | شَهْوَتَهُ | ئارەزووەکەی، حەزەکەی |
| ٢٤٥ | سُلَامَى | جومگە، ئێسکی بچووک |
| ٢٤٦ | تَطْلُعُ | هەڵدێت (خۆر) |
| ٢٤٧ | تُعِينُ | یارمەتیی دەدەیت |
| ٢٤٨ | دَابَّتِهِ | ئاژەڵەکەی، وڵاخەکەی |
| ٢٤٩ | فَتَحْمِلُهُ | جا هەڵی دەگریتە سەری |
| ٢٥٠ | مَتَاعَهُ | کەلوپەلەکەی |
| ٢٥١ | تُمِيطُ | لای دەبەیت، دووری دەخەیتەوە |
| ٢٥٢ | الْأَذَى | ئازار، شتی زیانبەخش |
| ٢٥٣ | الْبِرُّ | چاکە، خێر |
| ٢٥٤ | الْإِثْمُ | تاوان، گوناه |
| ٢٥٥ | حَاكَ | لە دڵدا دروست بوو (ڕاڕای کرد) |
| ٢٥٦ | اطْمَأَنَّتْ | ئارام بووەوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٧ | تَرَدَّدَ | دوودڵی دروست کرد | ٢٧٥ | جُنَّةٌ | قەڵغان، پارێزەر |
| ٢٥٨ | أَفْتَاكَ | فەتوایان بۆت دا | ٢٧٦ | يُطْفِئُ | دەیکوژێنێتەوە |
| ٢٥٩ | وَعَظَنَا | ئامۆژگاریی کردین | ٢٧٧ | مِلَاكِ | بنچینە، کرۆک، ڕاگر |
| ٢٦٠ | وَجِلَتْ | هەژان، ترسان (دڵەکان) | ٢٧٨ | عَمُودُهُ | کۆڵەکەکەی |
| ٢٦١ | ذَرَفَتْ | ڕشتیان (فرمێسکی چاوەکان) | ٢٧٩ | ذِرْوَةُ سَنَامِهِ | لوتکە و کۆپارەکەی (بەرزترین خاڵی) |
| ٢٦٢ | مُوَدِّع | ماڵئاواییکار | ٢٨٠ | كُفَّ | بیگرەوە، ڕایگرە |
| ٢٦٣ | فَأَوْصِنَا | جا وەسێتمان بۆ بکە | ٢٨١ | حَصَائِدُ | بەرهەمەکان، دروێنەکراوەکان |
| ٢٦٤ | سَمْعاً | بیستن، گوێڕایەڵی | ٢٨٢ | فَرَائِضَ | فەرزەکان، واجبەکان |
| ٢٦٥ | طَاعَةً | ملکەچی، فەرمانبەرداری | ٢٨٣ | فَلَا تُضَيِّعُوهَا | جا فەرامۆشیان مەکەن |
| ٢٦٦ | تَأَمَّرَ | بووە ئەمیر (سەرکردە) | ٢٨٤ | حُدُودًا | سنوورەکان |
| ٢٦٧ | اخْتِلَافًا | ڕاجیاوازی، ناکۆکی | ٢٨٥ | فَلَا تَعْتَدُوهَا | جا مەیانبەزێنن، دەستدرێژی مەکەنە سەری |
| ٢٦٨ | سُنَّةِ | ڕێباز، سوننەت | ٢٨٦ | سَكَتَ | بێدەنگ بووە |
| ٢٦٩ | الرَّاشِدِينَ | پێگەیشتووان، هۆشمەندان | ٢٨٧ | نِسْيَانٍ | لەبیرچوون |
| ٢٧٠ | الْمَهْدِيِّينَ | هیدایەتدراوان، ڕێنموویکراوان | ٢٨٨ | فَلَا تَبْحَثُوا | جا بەدوایدا مەگەڕێن |
| ٢٧١ | عَضُّوا | گازی لێ بگرن، توندی بگرن | ٢٨٩ | ازْهَدْ | زاهید بە، دەستبەردار بە، گرنگیی پێ مەدە |
| ٢٧٢ | النَّوَاجِذِ | کاکڵەی ددانەکان، ددانەکانی دواوە | ٢٩٠ | لَا ضَرَرَ | زەرەرگەیاندن بەخۆ نییە |
| ٢٧٣ | مُحْدَثَاتِ | داهێنراوەکان (لە ئاییندا) | ٢٩١ | وَلَا ضِرَارَ | و زەرەرگەیاندن بە خەڵکیش نییە |
| ٢٧٤ | يُبَاعِدُنِي | دوورم دەخاتەوە | ٢٩٢ | الْبَيِّنَةُ | بەڵگە، شایەت سەلماندن |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩٣ | الْمُدَّعِي | داواکار، سکاڵاکار |
| ٢٩٤ | الْيَمِينُ | سوێندخواردن |
| ٢٩٥ | أَنْكِرَ | حاشای کرد، نکوڵی کرد |
| ٢٩٦ | مُنْكَرًا | خراپەیەک، کارێکی ناپەسەند |
| ٢٩٧ | فَلْيُغَيِّرْهُ | با بیگۆڕێت |
| ٢٩٨ | أَضْعَفُ | لاوازترین |
| ٢٩٩ | لَا تَحَاسَدُوا | حەسادەت بە یەکتر مەبەن |
| ٣٠٠ | لَا تَنَاجَشُوا | موزایەدەی فێڵبازانە مەکەن لە کڕیندا |
| ٣٠١ | لَا تَبَاغَضُوا | ڕقتان لە یەکتر نەبێت |
| ٣٠٢ | لَا تَدَابَرُوا | پشت لە یەکتر مەکەن، پەیوەندی مەپچڕێنن |
| ٣٠٣ | يَخْذُلُهُ | پشتی تێ دەکات، سەرکەوتووی ناکات |
| ٣٠٤ | يَحْقِرُهُ | بەکەمی دەزانێت، سووکی دەکات |
| ٣٠٥ | التَّقْوَى | پارێزکاری (لەخواترسان) |
| ٣٠٦ | يُشِيرُ | ئاماژە دەکات |
| ٣٠٧ | حَسْبِ | بەسە، هێندە بەسە |
| ٣٠٨ | نَفَّسَ | ڕەواندییەوە، لایبرد |
| ٣٠٩ | كُرْبَةً | تەنگانە، خەمێکی سەخت |
| ٣١٠ | يَسَّرَ | ئاسانی کرد |
| ٣١١ | مُعْسِرٍ | قەرزداری دەستکورت |
| ٣١٢ | سَتَرَ | داپپۆشی، ئابرووی پاراست |
| ٣١٣ | عَوْنِ | یارمەتیدان |
| ٣١٤ | سَلَكَ | ڕێگەی گرتەبەر، ڕۆیشت |
| ٣١٥ | يَلْتَمِسُ | داوا دەکات، بۆی دەگەڕێت |
| ٣١٦ | يَتْلُونَ | دەیخوێننەوە |
| ٣١٧ | يَتَدَارَسُونَهُ | بەیەکەوە دەیخوێنن و لێی دەکۆڵنەوە |
| ٣١٨ | السَّكِينَةُ | ئارامی، هێمنی |
| ٣١٩ | غَشِيَتْهُمُ | دایانپۆشێت |
| ٣٢٠ | حَفَّتْهُمُ | دەوریان دەدات |
| ٣٢١ | بَطَّأَ | خاوی کردەوە، دوای خست |
| ٣٢٢ | هَمَّ | مەبەستی بوو، ویستی |
| ٣٢٣ | أَضْعَافٍ | چەند هێندەیەک |
| ٣٢٤ | مَحَاهَا | سڕییەوە |
| ٣٢٥ | عَادَى | دژایەتی کرد |
| ٣٢٦ | وَلِيًّا | دۆستێکی خوا، وەلییەک |
| ٣٢٧ | آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ | شەڕی لەدژ ڕادەگەیەنم |
| ٣٢٨ | النَّوَافِلِ | سوننەتەکان |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢٩ | يَبْطِشُ | پێی دەوەشێنێت |
| ٣٣٠ | اسْتَعَاذَنِي | پەنای پێم گرت |
| ٣٣١ | تَجَاوَزَ | لێی خۆش بوو |
| ٣٣٢ | الْخَطَأَ | هەڵە، بەبێ مەبەست |
| ٣٣٣ | اسْتُكْرِهُوا | زۆریان لێ کراوە، لەژێر فشاردا بوون |
| ٣٣٤ | بِمَنْكِبِي | بە شانم |
| ٣٣٥ | غَرِيبٌ | غەریبە، نامۆ |
| ٣٣٦ | عَابِرُ سَبِيلِ | ڕێبوار |
| ٣٣٧ | هَوَاهُ | ئارەزووەکانی، حەزەکانی |
| ٣٣٨ | تَبَعًا | شوێنکەوتە، پاشکۆ |
| ٣٣٩ | عَنَانَ السَّمَاءِ | ئاستی هەور، بەرزایی ئاسمان |
| ٣٤٠ | خَطَايَا | تاوانەکان، گوناهەکان |
| ٣٤١ | لاتُشْرِكُ | هاوەڵ بڕیار نەدەیت (شەریک پەیدا نەکەیت) |
| ٣٤٢ | مَغْفِرَةً | لێخۆشبوون، لێبووردن |

# "شَهَادَةُ حِفْظٍ وَإِجَازَة"

# "بڕوانامە و مۆڵەتی زانستی"

## لە خوێندن و لەبەرکردنی چل فەرموودەی نەوەویدا

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و درود و سەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی.

بەوپەڕی شانازییەوە، ئەم بڕوانامە و مۆڵەتە زانستییە دەبەخشرێت بە فێرخوازی

بەڕێز: ..............................................................................................

وەکو پێزانینێک بۆ کۆشش و هەوڵی بەردەوامی ناوبراو، کە توانیویەتی لە خزمەت مامۆستای سەرپەرشتیاردا:

بەڕێز: ..............................................................................................

تەواوی دەقی فەرموودەکانی ئەم پەرتووکە بخوێنێت و لەبەریان بکات.

بە پلەی زانستیی بەدەستهاتوو: ( ☐نایاب / ☐زۆر باش / ☐باش )

لە خوای بێهاوتا داواکارین ئەم زانستەی بۆ بکاتە بەڵگەی خێر و سەرفرازی لە دونیا و دوارۆژدا وە بیکاتە ڕووناکی بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەری پێشەوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

واژۆ: .....................................

سەرپەرشتیار: .....................................

مێژووی کۆچی: / / ١٤

مێژووی زایینی: / / ٢٠٢

# تێبینییەکان